# The legal regulation for public authorities in the Kurdistan Region in the absence of the constitution

**Ibrahim Mohammed Haje[1], Peshawa Khidher Rasul[2], Khidhir Haji Rasul[3]**
[1]Department of Law, College of Humanity Sciences, University of Raparin, Sulaymaniyah, Iraq, [2]ministry of higher education and scientific research-kurdistan regional government, [3]Department of Law, College of Humanity Sciences, University of Raparin, Sulaymaniyah, Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.03*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*This study deals with the issue of organizing public authorities in the region and its problems. Since the region does not have its own constitution ،ordinary laws since 1992 have regulated the three powers in the region. That is ،the formation of public authorities ،the definition of the system of government ،and the separation of powers have been regulated in accordance with ordinary laws ،particularly the Law of the Presidency of the Region ،the Elections Law ،the Law of the Council of Ministers ،and the internal regulations of Parliament. This contradicts the trends of jurisprudence and constitutional jurisprudence regarding the principle of (the constitutional legislature's exclusivity in forming public authorities). This study also addresses the issue of the absence of a constitutional court due to the absence of a constitution. This study also addresses a number of problems that have arisen from the legal provisions related to the formation and organization of public authorities ،which have caused the region to lose its identity in terms of implementing the system of government. It is very difficult to call the system of government in the region a parliamentary system ،while the region must adopt a parliamentary system in accordance with the Iraqi Constitution (2005) ،because the system of government in the region must not violate the Iraqi Constitution ،which it adopted in Article (1) thereof. This study also talks about the violations committed by the ordinary legislator when organizing the distribution of powers between the legislative ،executive and judicial authorities ،especially between the presidency of the region and the Council of Minister*

***Keyword***: *Constitution ،Authority ،Rules of Procedure ،Ordinary Law*

# ڕێکخستنی یاسایی بۆ دەسەڵاتەگشتیەکان لەهەرێمی کوردستان لەسایەی نەبوونی دەستوردا

**م.ابراهیم محمد حاجي:** بەشی یاسا،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی ڕاپەرین،(رانیة)سلێماني،هەرێمی کوردستان،عیراق ibrahim.mohammad@uor.edu.krd

**م.ی:پێشەوا خضر رسول :** دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژنەوەی زانستی–هەرێمی کوردستان،هەولێر،عیراق. peshawa.rasul@mhe-krg.org

**د.خضر حاجي رسول:** بەشی یاسا،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی ڕاپەرین،(رانیة)سلێماني،هەرێمی کوردستان،عیراق khidhir.haji@uor.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە پرسی ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکانی هەرێم وکێشەی لاسەنگی نیوان دەکات. وە بەو پێیەی هەرێم دەستووری تایبەت بە خۆی نییە،یاسا ئاساییەکان لە ساڵی ١٩٩٢وەوە سێ دەسەڵاتەگشتیەکانی هەرێمیان ڕێکخستووە.واتە دروستکردنی دەسەڵاتە گشتیەکان و دیاریکردنی سیستمی حوکمرانی وجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەپێی یاسا ئاساییەکان بە تایبەتی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای ئەنجومەنی وەزیران و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکخستنیان بۆ کراوە،ئەمەش پێچەوانەی ڕای زۆرینەی زانایانی یاسا یان یاساناسان و دادگای دەستورییە لەجیهاندا کە دەڵێت یاسادانەری دەستوری تایبەتمەندە بە پێکهێنانی دەسەڵاتە گشتیەکان وڕێکخستنی.هەروەها ئەم توێژینەوەیە باس لە پرسی نەبوونی دادگای دەستووری دەکات بەهۆی نەبوونی دەستوورەوە.هەروەها ئەم توێژینەوەیە باس لە کۆمەڵێک کێشە دەکات کە لە برگە یاساییەکانی پەیوەست بە پێکهێنان و ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکانەوە سەریهەڵداوە،کە وایکردووە سیستمی حوکمرانی لەهەرێم ناسنامەی دیاری نەبێت ئاخۆ پەرلەمانیە یان سەرۆکایەتیە یان تێکەڵە بەجۆرێک زۆر ئەستەمە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێم ناوببرێت سیستمی پەرلەمانی،لە

کاتێکدا هەرێم دەبێت سیستمی پەرلەمانی بە پێی دەستووری عێراق (2005)بگرێتەبەر،چونکە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمدا نابێت پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت کە لە مادەی(1)ی ئەو دەستوورەدا ئاماژەی پێکراوە.هەروەها ئەم توێژینەوەیە باس لەو پێشنیارانە دەکات کە یاسادانەری ئاسایی لەهەرێمی کوردستاندا لە کاتی ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن و دادوەریدا ئەنجامیداوە،بەتایبەتی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران.

**ووشە کلیلەکان:**دەستور،،پەیرەوی ناوەخۆ،یاسای ئاسایی.

## 1 -پێشەکی

**بابەتی توێژینەوە:**تەنیا یاسادانەری دەستوری هەڵدەستێت بە دروستکردن وڕێکخستنی دەسەڵاتەگشتیەکان لەدەولەتدا،بەگوێرەی دەستەواژە باوەکەی زانایانی دەستوری(انفراد المشرع الدستوری بتكوين السلطات العامە)واتە جگە لەیاسادانەری دەستوری هیچ لایەنێکی تر ناتوانێت دەسەلاتێک دروست بکات وسیستمی حوکمرانی دەسکاری بکات وبیگۆڕێت بەتایبەتی لە دەستوری رەقدا(الجامد)ئەمە زیاتر بەدیدی دەکریت .چونکە پرسی دروستکردن و ڕێکخستنی ودیاریکردنی سیستەمی حوکمڕانی لەدەولەتدا پرسێکی هەستیارە وسروشت دەستوریە ونابێت بکەوێتە دەست یاسادانەری ئاسایی،چونکە یاسادانەری ئاسایی بە ئاسان هەمواری بنەماکانی حوکمرانی دەکاتەوە وە بەئاسان یاسا هەموار دەکاتەوە بێ گەرانەوە بۆ رای میللەت وبەزۆرینەیەکی کەمتر وبەگرتنەبەری ڕێککاری سادەتر لەهەمواری دەستور،بەلام دانان وهەمواری دەقە دەستوریەکان قورسن و پێویستیان بەوەرگرتنی رای گەل هەیە و ڕێککارەکانی هەموارکردنیان سەختترن،هەربۆیە ئەم پرسە هەستیارە لای یاساناسان و قەزای دەستوری لەدەست یاسادانەری ئاسایی هاتۆتەدەر تاکو بەزۆرینە وکەمینە یەکلایی نەکرێنەوە لەناو

پارلەمان بەگوێرەی ویســـت و ئارەزووی پارتە ســـیاســـیەکان لەهەر خولێکی پەرلەمانیدا.بەلام ئەوەی لەکوردســـتاندا هەیە لەدوای ســـالی(1992)بەدواوە بۆئێستا ئەوەیە کە پرســـی دروســـت بون وریکخســـتنی  بەهۆی نەبونی دەســـتور دراوتە دەســـت یاســـای ئاســـایی،جا بۆیە هەمواری یاســـاکانی تایبەت بەحوکمرانی وریکخســـتنی ودیاریکردنی ســـیســـتەمی حوکمرانی هەمیشـــە کەوتۆتە بەردەم هەمواری زۆر،ســـەرەنجام  ئەمە ناجێگیری لەســـیســـتەمی ســـیاســـی دروســـت کردووە،خۆ ئەگەر بەدەستوربووایە ئەم ناجێگیریە دروســـت نەدەبوو بەهۆی ســـەختی رێککاری هەموارکردن لەدەســـتوردا،ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترئەم یاســـایانەی تایبەتن بەریکخســـتنی لەهەرێمدا پڕن لە کەلێن و بۆشـــایی ودژیەک،بەجۆرێک ناهاوســـەنگی لەنێوان هکان بەگشـــتی دروست کردوە،تەنانەت لەناو یەک دەسەلاتیشدا نەتوانراوە ریکخستنێکی دروست ئەنجامبدرێت بۆنمونە لەنێوان ســەرۆکی هەرێم وســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،ئەمەش هەمووی دەگەرێتەوە بۆ نەبونی دەســتورێک لەهەرێم وپاشــان نەبوونی دادگایەکی دەســتوری لەهەرێمدا،بۆیە ئەگەر دەســـــتورهەبوایە ئەم هەموو ناجێگری وهەموارانە روویان نەدەدا وە ئەم ناهاوســـــەنگیەش دروســـت نەدەبوو،وە دادگایەکی دەســـتوریشـــمان دەبوو کە چاودێری بەســـەر یاســـاکان وە دەســـەلاتە گشـــتیەکاندا دەکرد لەکاتی پیشـــێلی برگەکانی دەســـتوردا،بەلام ئیســـتا لە ئەنجامی نەبوونی دەستوردا دادگای دەستوریمان نیە چاودێری یاساکان بکا دەسەلاتی پارلەمان کۆت بکات تاوەکو بە ویست و بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکان رێکخستن بۆ دەسەلاتەکان نەکات کە لەبنەرەتدا هی ئەو نین و هی یاسادانەری دەستورین.

**کێشـــەی توێژینەوە**:کێشـــەی توێژنەوە لەوە خۆی دەبینێتەوە کە هەرێمی کوردســـتانی عیراق دوای(34)ســـال لە حوکمرانی خۆی هیشـــتا خاوەنی دەســـتوری خۆی نیە.هەرچەندە پرۆژیەکی دەستورهەیە هی سالی(2009)ە بەلام بەهۆی ناکۆکی سیاسی دوای چەندین جار سەرەنجام شکستی هێنا،هەربۆیە دەتوانین بلێین لەهەرێمدا دروست کردن و رێکخستنی دەسەلاتەکان بە

یاسـای ئاسـایی کراوە لە(1992تاکوئیسـتا2025)،کە ئەمەش وای کردوە زۆر بە ئاسـانی بەزۆرینەی پارلەمانی دەسـەلاتە گشـتیەکان دروسـت بکرێن وهەمواری یاسـاکانی پەیوەسـت بەدەسـەلاتە گشـتیەکان تێپەرێن وریکخسـتنێکی یاسـاییانە ئەنجامدرێت نەک دەسـتوریانە کە ئەمەش پێچەوانەی رای زانایانی دەسـتوری و(دادگای)دەسـتوریە لە ولآتاندا کە دەلێت دەبێت رێکخسـتنی دەسـەلاتەکان وپرسـی دیاریکردنی شـوناسـی حوکمرانی وسـیسـتەمی حوکمرانی بدرێتە دەسـت یاسـادانەری دسـتوری نەوەک یاسـادانەری ئاسـایی.جگە لەوەش لەهەرێمی کوردسـتاندا دادگایەکی دەسـتوریمان نیە کۆتی دەسـەلاتی یاسـادان بکات تاکو ویسـت یان ئارەزووی خۆی یاسـاکان دەرنەکات یان هەمواریان نەکاتەوە،کە ئەمەش لە هیچ سـیسـتم ونیزامێکی پەیرەوکراوی دیموکراسـی لە جیهاندا بونی نیە ورێگەی پێ نادرێت بێ دەسـتور ودادگای دەستوری دامەزراوە یان دەسەلاتەگشتیەکان بۆ ماوەی(34)سال کاربکەن وچاودێری دەستوری بوونی دادگای دەستوری هەرێمی لەسەر نەبێت.

**گرنکی توێژینەوە:**گرنگی ئەم توێژنەوەیە لەوە خۆی دەبینێتەوە کە لەرێگەی ئەم مـاددە یاسایانەی کە تایبەتن بەرێکخستنی دەسەلاتە گشتیەکان ودروستکردنیان ناسنامەی سیستمی حومکرانی هەرێممان بۆ دەردەکەویت کە تائێسـتاش مشـتومرێکی گەورەی لەسـەرە کە ئایا سـیسـتەمەکە پارلەمانیە یان سـەرۆکایەتیە یان تێکەل.جگە لەوەش ئەم توێژنەوەیە گرنگی هەیە بۆ دەرخسـتنی ئەم ناهاوسـەنگیانەی لەبواری رێکخسـتنی دةسـةكانداهەن لەناودەقی یاسـاکانی تایبەت بەوبابەتەوە لەرێگەی شـرۆڤەکردنێکی وسـفی وشـیکاریانە وبەراودکردنیان لەگەل سیستمی پەیرەوکراو لەجیهان وعیراقدا

**ئامانجی توێژنەوە:**ئامانجی توێژنەوەکە ئەوەیە لەرێگەی شیکردنەوەی دەقەکانی پەیوەست بە رێکخسـتنی دەسـەلاتە گشـتیەکانی هەرێم ئەوەمان بۆ روون بێتەوە کە ئەو رێکخسـتنەی بۆ دەسـەلاتە گشـتیەکانی هەرێم کراوە لەناو یاسـاکاندا تاچەند یەکانگیرە لەگەل خەسـڵەت و

بنەماکانی سیستەمی پارلەمانی تەواو،بۆیە لەرێگەی شیکردنەوەی دەقەکان هەول دەدەین ئەو دەقە یاساییانە بخەینە ژێر ڕەخنەکە لایداوە لەپرەنسیپی پارلەمانی تەواو هەروەها ئەو کەموکورتیانەش باس بکەین کە لەیاساکان هاتوون دەربارەی ڕێکخستنی دەسەلاتەکان و دروست بونی ناهاوسەنگی لەنیوان دەسەلاتەکاندا وە پێشنیارکردنی دەقی شوێنگرەوە بەمەبەستی ئەوەی لەکاتی هەمواری یاساکان یان دانانی دەستور بتوانرێت جیگەیان بکرێتەوە و سودیان لێوەرگیرێت.

**ڕێبازی تویژینەوە:**ڕێبازی توێژنەوەکە پشت دەبەستێک بەرێبازێکی شیکاری و وەسفی بەگشتی بۆ دەقەکانی تایبەت بەرێکخستنی دەسەلات گشتیەکانی هەرێم وبەراورد کردنیان بەسیستمی پارلەمانی پەیرەوکراو لەعیراقدا،لەگەل سەرنجی ورد لەسەر ئەو ماددانە وپێشنارکردن ودارشتنەوەی دەقەکە بەشێوەیەک بگونجێت لەگەل سیستمی پارلەمانی پەیرەوکراو لەعیراقدا تاکو کۆک بێت لەگەل دستوری عیراقدا ودژبەیەکی دروست نەکات لەگەلیدا.

**پێکهاتەی توێژنەوە:**ئەم توێژنەوەیە پێکدێت لەسێ تەوەرەی سەرەکی،تەوەرەی یەکەم تەرخان دەکەین بۆباس کردن لە ڕێکخستنی یاسایی بۆ دەسەلاتی یاسادان لەهەرێمی کوردستان وبنچینەی دروستبونی وکیشەی ناهاوسەنگی دەسەلاتەکانی،تەوەرەی دووەم تەرخان دەکەین بۆ باس کردن لەرێکخستنی یاسایی بۆ دەسەلاتی جێبەجێکردن لەهەریمی کوردستان وبنچینەی دروست بونی و کیشەی ناهاوسەنگی دەسەلاتەکانی،وەتەوەرەی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردن لە ڕێکخستنی یاسایی بۆ دەسەلاتی دادوەری وپرسی دادگای دەستوری ودەسەلاتەکانی لەناو پرۆژەی دەستوری هەریمی سالی(2009)سەرنج لەسەر دەقەکانی پەیوەست بەدادگاکە.

### 2-1ڕێکخستنی یاسایی بۆ دەسەلاتەکانی دامەزراوەی یاسادانان

هەروەک باسمان کرد،ڕێکخستن بۆ دەسەلاتەکانی دامەزراوەی یاسادان بەدەستور نەکراوە لەهەرێمدا،بەلکو یاسا ئاسایەکان ریکیانخستوە بەشێویەکی پەرش وبلاو،جگە لەوەش پەیرەوی ناوخۆی پارلەمانی سالی(2018)ی هەمواکراو ئەم پرسەی رێکخستووە.جا لیرەدا بەتایبەت باسی دەقەکانی یاساي هەلبژاردنی ژمارە(1)ی سالی(1991)ی هەمواکراو وپەیرەوی ناوخۆی پارلەمان کوردستان دەکەین بەتایبەتی باس لەو ماددانە دەکەین کەوا کەموکورتی وکیشەی لاسەنگ بونی دەسەلاتی پەرلەمانی تێدایە ویەکانگیر نیە لەگەل سیستەمی پارلەمانی پەیرەوکراو لە ولاتە دیموکراسیەکانی جیهان وعیراقیشدا بەم شیوەیە خوارەوە:

1- ئەگەروورد بینەوە لەپەیرەوی ناوخۆی پارلەمان کوردستانی سالی(2018)ی هەموارکراو بەبریاری ژمارە(12)ی سالی(2019)،دەبینن خودی پەیرەوەکە دەسەلاتەکانی سەرۆکی پارلەمان ودەسەلاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی بەیەکەوە وە دەسەلاتەکانی جێگر وسکرتێری هەریەک بەجیا دیاریکردوە،هەربۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم شێوازە دروستترین شێوازە بۆ دابەشکردنی دەسەلاتەکان لەناو یەک دامەزراوەدا،ڕوون تر بلێین بنەمای جیاکردنەوە دەسەلات گشتیەکانی دەولەت تەنیا بریتی نیە لە جیاکردنەوەی دەسەلاتی یاسادانان لە دەسەلاتی جێبەجێکردن ودادوەری،بەلکو لەپال ئەوەشدا دەبێت دابەشکردنی دەسەلات لەناو دەزگا یان دامەزراوەکانی ناو یەک دەسەلاتیش ریکبخریت بەگویرەی پرەسپی دابەشکردنی دەسەلات،جا وەک باسمان کرد تەنیا بەس نیە بلێین ئەمانە دەسەلاتی دامەزراوەی پارلەمانن وە ئەمانەش دەسەلاتی دامەزراوەی جێبەجێکارین یان ئەمانەش دەسەلاتی دامەزراوەی دادوەرین،بەلکو گرنگتر لەوە دەبێت ئەوە یەکلایی بکرێتەوە کە ئەوانە دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمن وە ئەمانەش دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانن،وە ئەمانەش دەسەلاتی سەرۆکی پارلەماننن وئەمانەش دەسەلاتی جێگری سەرۆک پارلەمانن..هتد...،بۆیە پەیرەوی ناوەخۆ لەمەدا دەکرێت

بەپێشکەوتوتر دانرێت لە یاساکانی سەرۆکایەتی هەرێم ویاسای ئەنجومەنی وەزیران ویاسای هەلبژاردنەکان،چونکە ئەویاسایانە ئەم پرسەیان یەکلایی نەکردۆتەوە،کە لە باسی دووەم بەدرێژی باسی دەکەین.

2-لەم پەیرەوەی ناوخۆدا جگە لەوەی کەدەسەلاتی یاسادانانی لاوازکردوە لەبەرامبەرسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپرسی متمانەکیشانەوە کە(3\2)ی داناوە کەلە مادە(74)برگە(4)ە پەیرەوەکەدا هاتوە،وە هەروەها رێککاری قورسی بۆچاودێری دەسەلاتی پارلەمان داناوە لەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردن،بەجۆرێک ئەم پەیرەوە هەڵساوە بەهەمان شێوە پرساندن ولادانی دەستەی سەرۆکایەتی کە لەماددە(15)برگە(2)داهاتووە بە(3\2)دەبێت،ئەمە لەگەل بنەماکانی سیستمی پارلەمانیدا یەکناگرێتەوە،چونکە جگە لەوەی کە دەسەلاتی دامەزاروەی یاسادانی لاوازکردوە بەرامبەر دەسەلاتی جێبەجێکردن،هەلساوە دەسەلاتی دامەزاروەی یاسادانانی بەرامبەر خودی دەسەلاتی سەرۆکایەتەکەی خۆشی لاواز کردوە،ئەمە مافی دامەزراوەی یاسادانە دەسەلاتی چاودێری هەبێت بەسەرگشت دامەزراوەکانی تر تەنانەت بەسەر خودی خوشیەوە،واتە دەبێت زۆر بە ئاسانی بتوانێت لێپرسینەوە لە دەستەی سەرۆکایەتیەکەی خۆشی بکات ومتمانەی لێبکێشتەوە،چونکە دەسەلاتی دامەزراوەی یاسادانان بریتیە لە هێزی زۆرینەی ناو پارلەمان نەوەک دەستەی سەرۆکایەتی،راستە دەستەی سەرۆکایەتی پارلەمان بەشێکە لەدەسەلاتی یاسادانان بەلام شیاوی لێپرسینەوەیە لەلایەن زۆرینەی پارلەمانەوە هەروەک چۆن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران شیاوی لیپێچنەوەی سیاسیە وسەرۆکی هەرێم شیاوی لیپرسینەوەی تاوانکاریە لەلایەن زۆرینەی پارلەمانەوە.

3-لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سالی( 2018)برگە(4)ویاسای هەلبژاردنەکانی هەریمی کوردستان ژمارە(1)ی سالی(1992)لەدەقی ماددە(56)برگە(4)،باسی سەندنەوەی متمانەی لەئەنجومەنی وەزیران کردوە کەوا لەدەسەلاتی پارلەمانی کوردستانە بەلام لەهیچ

دەقێکی ئەم دوو یاسایە باس لەوە نەکراوە کە پارلەمان بۆی هەیە متمانە بکێشێتەوە لەسەرۆکی هەرێم،تەنیا لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە مادده(16)برگە(3)هاتوە کە پارلەمان دەتوانێت بە(4\3)متمانە لەسەرۆکی هەرێم بکێشیتەوە،تەنانەت یاسای سەرۆکایەتی هەرێمش بەوەندە وەستاوە وباسی رێککاری پرساندن وپرسیار وشێوازی بانگێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی نەکردوە،ئەم دەقە هەرچەندە دانی ناوە بەدەسەلاتی پارلەمان کە دەتوانێت متمانە بکێشێتەوە لەسەرۆکی هەرێم،بەلام ئێمە پشگیری دەقی لەم چەشنە ناکەین،چونکە دەسەلاتی سەرۆکی لەسیستەمی پارلەمانی جا ناوی سەرۆکی کۆمار یان پاشا یان هتد.. بیت پێویستە تەشریفاتی بن وەک بەریتانیا وعیراق. چونکە لەم سیستەمەدا پارلەمانیش هەقی ئەوەی نیە لەرووی سیاسی متمانەی لیبکێشیتەوە تەنیا لەرووی تاوانکاری دەتوانێت ئەوەش دوای ئەوەی دادگای دەستوری بریاری تاوانبارکردنی بۆ دەرکرد لەوحالەتانەی کە دەستور دیاریان دەکات،بەلام چونکە سەرۆکی هەرێم بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەسەلاتی زۆرن،بەرای ئێمە ئەم دەقە بۆهەرێمی کوردستان لەجێگەی خۆیەتی بۆیە هەتا ئەوکاتەی دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم دەبێتە تەشریفاتی ،بەلام گریمان ئەگەر وەک ئێستاش بێت ئێمە واهەست دەکەین ئەم رێژەیە(4\3)زۆرە کە(75)ئەندام پارلەمان دەکات لەکۆی(100)پارلەمانتار،بۆیە ئەم دەقە وای لەپارلەمان کردوە لێپرسینەوە لەسەرۆکی هەریم ئەستەم بێت لەکاتێکدا دەسەلاتی (فراوان و کردیەی هەیە.

4-لەدەقی مادە(21)برگە(6)ی پەیرەوەی ناوخۆی پارلەماندا هاتوە:پارلەمان بەزۆرینەی(3\2)ی بریاری دروستی ئەندامێتی(صحه العضویه)ی ئەندامەکانی دەردەکات،بەلام ئەوەی جێگەی سەرەنجی ئێمەیە بواری تانەلێدانی نەداوە بەو پەرلەمانتارەی کەبریارەکەی دژ دەرچووە لەبەردەم دەستەیەکی دادوەری بەلکو تەنیا لیژنەیەکی پارلەمانی سەیری ئەو تانانە دەکات،بەلام ئەگەر سەیربکەین دەستوری عێراقی هەمیشەی

سالی(2005)لەمادە(52)برگە(2)دەلێت:دەتوانرێت تانە بدرێت لەبڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەردەم دادگای بـاڵای فیـدراڵی لەمـاوەی(30)ڕۆژ لەرۆژی دەرچوونی بریـارەکە.کەواتە ئەم دەقەی پەیرەوەی ناوخۆی هەریم دەبوایە بلێت دەکرێت ســـکاڵا پێشـــکەش بکرێت لەوحالەتە لەبەردەم دادگای دەســـتوری هەرێم،هەرچەندە دادگای دەســـتوری نیە،بەلام بەدیدی ئیمە دەکرا دادگای تەمیزی هەریم ئەو دەســـەلاتی هەبێت ئەم تانانە یەکلایی بکاتەوە،چونکە لەهەمواری چوارەمی یاسـای هەلبژاردنەکانی هەریمی کوردسـتان ژمارە(1)ی سـالی(1992)ی هەموارکراو لەمادە(7)برگە(4)داهاتوو:دەستەیەکی دادوەری لەلایەن دادگای تەمیزی هەرێم دروست دەکرێت کە ئەرکی یەکلایی کردنەوەی ئەو تانانەیە کەپێشکەش دەکرێن لەلایەن دەستەی هەلبژاردنەکان یان کەســـەکان یان قەوارەکان کە زەرەرمەند بوونە لە ئەنجامی بریاری کۆمســـیۆنی باڵای هەلبژاردنەکان،وە بریارەکانیشـــی بنبڕن.کەواتە لەم دەقەشـــدا باســـی ئەوە نەکراوە کە کەســـی زەرەمەند لەئەنجامی بریاری پارلەمان کە تایبەتە بەدروسـتی ئەندامیتی پارلەمانتاران بۆی هەیە تانە پیشکەش بکات لەبەردەم ئەم دەستەیە،کەواتە ئەم دەستەیە تەنیا چاودیری لەسەر بریاری کۆمســـیون دەکات نەک پارلەمان،بەدیدی ئیمە دەبوایە ئەم تانانەش یەکلایی بکاتەوە یاخود دادگای تەمیز دەســـەلاتێکی تری بۆ زیاد بکرایە کە رۆلی یەکلایی کردنەوەی ئەم تانانە بگرێتە ئەســـتۆ وەک جێگرەوەی دادگەی دەســـتوری کە لەهەرێم نیە،ئەوەش لەرێگەی هەموارکردنی یاسـای دەسـەلاتی دادوەری ژمارە(23)ی سـالی(2007)دەکرێت چارەســـەر بکرێت،بەجۆرێک دەســـەلاتی یەکلایی کردنەوەی تانەکانی بڕیاری دروســـتی ئەندامیەتی بداتە دەســـت ئەندامانی دادگای تەمیزی هەرێم یان لەرێگای هەمواری یاسای کۆمسیۆن بەجۆریک دان بنێت کە دادگای تەمیز دەسەلاتی یەکلایی کردنەوەی ئەو جۆرە تانوتانەی هەبێت.

5-یەکێک لەدەسەلاتەکانی پارلەمان لە سیستمی پارلەمانی عیراقدا بریتیە لەوە کەوا پارلەمان مافی پەسـەنکردنی پالیوراوان بۆ سـەرۆکی دەسـەلاتی دادوەری وبەرپرسـە بالاکانی سـەربازی

وئەمنیەکانی وولاتی هەبێت دووای پالاوتنیان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی خۆیان،بۆنمونە لەماددە(61) برگە(5أ وج)ی دەستوری هەمیشەی عیراق(2005)داهاتوە:ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆک وئەندامانی دادگای تەمیز وسەرۆکی داواکاری گشتی وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری بەزۆرینەی رەها پەسەند دەکات دووای پالاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری،وە هەروەها سەرۆکی سوپاسالاری عیراق ویاریدەدەرکەی وفەرماندەی فیرقە وسەرووتر وە سەرۆکی دەزگای هەوالگری دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکی وەزیران دەپالیورێن ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی رەها پەسندیان دەکات.

ئەوەی جێگەی سەرەنجی ئێمەیە لێردا،دەسەلاتی پەسەندکردنی ئەم سەرۆکایەتیانەی کەلەسەرەودا ناویان هێنراوە لەهیچ دەقێکی یاساکانی هەرێم نەهاتوە تەنانەت لەناو پەیرەوەی ناخۆی پارلەمانیشدا نە هاتووە،بۆیە دەبوایە دەسەلاتی پەسندکردنی ئەمانە بدرایەتە پارلەمان نەوەک هەر لەدەستی دەسەلاتی راپەراندن بێت،چونکە دەسەلاتی پالاوتنی دادوەران و داواکاری گشتی و دادگای تەمیزی داوتە دەست سەرۆکی هەرێم دووای پالاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بەگوێرەی دەقی مادە(10)برگە(16)لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1)ی سالی(2005)ی هەمواکراو،وە جگە لەمەش دەسەلاتی دانانی دەزگا هەوالگری وئاسایشیەکانی داوەتە دەست سەرۆکی هەرێم،چونکە لەمادەی(2)برگە(1)ی یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ژمارە(4)ی سالی(2011)دا هاتووە:ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کە پێکدێت لە(دەزگای ئاسایش-بەرێوەبەراتی هەوالگری سەربازی وئاژانسی پاراستن و زانیاری)بە سەرۆکی هەرێم دەبەسترێنەوە.واتە جگە لەسەرۆکی هەرێم هیچ لایەنێکی تربۆی نەبێت سەرۆکی ئەم دەزگایانە دابنێت ولایان بدات ولێپرسینەوەیان لێبکات،بەلام بەدیدی ئێمە واباشتر بوو ئەم ئەنجومەنە وسەرۆکی دەزگا ئەمنیەکانی تر لەلایەن پارلەمانەوە متمانە وەرگرن و لەبەردەم پارلەمانیش بەرپرسیار بن وە هەروەها ببەسترێنەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەرووی

پەیـــکەربەنـــدی وفەرمـــان وەرگـــرتـــنـــەوە.وەک چـــون لە دەســـــــتـــوری عـــیـــراقـــدا لەمادە(84)برگە(2)هاتووە:دەزگای هەوالگری عیراقی دەبەســتریتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران،وە لەبرگەی(1)ی هەمان مادەی پێشووتر هاتووە کە دەزگای ئاسایش وهەوالگری عێراقی ملکەچی لیپرسینەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەبن.وە لەمادەی(81)برگە(5)دا هاتووە ئەنجومەنی وەزیران پێشـــنیاری دانانی ســـەرۆکی دەزگاکانی ئاســـایشـــی گشـــتی عیراقی وهەوالگری عێراقی بۆ ئەنجومەنی نوینەران دەکات بۆدامەزراندنیان،واتە دانانی ئەوانە لەدەســتی ئەنجومەنی نوێنەرانە ودەســـەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانیش نیە دایان بنێت بەڵکو تەنیا پێشـــنیاری ناوەکان دەکات.بۆیە ئیمە پێمان گونجاوە دەقی یاساکە بەجۆرێک هەمواركرێتەوە وەک ئەوەی عێراق بێت چ بۆ دانان ولابردنی ســـەرۆکی دەزگاهەوالگری وئەمنیەکـان چ بۆ دانـانی ســــەرۆکی دەزگـا دادوەری وداواکاری گشـتی وسـەرپەرشـتیاری دادوەری.چونکە ئەمە مافی پارلەمانە بەگوێرەی سـیسـتمی حوکمرانی پەرلەمانی پەیرەوکراو لەدەستوری وولاتان کە نیزامیان پارلەمانیە.

6-یەکێک لەم تایبەتمەندیانەی کەپەرلەمان هەیەتی لەســــیســــتمی پارلەمانیدا بریتیە لە دانان ولێپرســـینەوە لەســـەرۆکی دەســـتە ســـەربەخۆکانی وەک دەســـتەی نەزاهە ودەســـتەی دیوانی چاودیری دارایی ودەســـتەی کۆمســـیونەکانی هەلبژاردن ومافی مرۆڤ وهتد..،بەلام لەیاســـای هەلبژاردنەکـان وپەیرەوی نـاوخۆی پـارلەمـان ئەمە بـاس نەکراوە،ئەگەر ســـەرنج بـدەین لەمادە(61)هەشتەم\ه ی دەستوری هەمیشەی عیراق سالی(2005)داهاتوو:ئەنجومەنی نوینەران بەزۆرینەی رەها دەتوانێت متمانە بکێشـێتەوە لەسـەرۆکی دەسـتە سـەربەخۆکان بەهەمان ئەو ریککارانەی کە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دانراوە.

جێگەی باســە لە ماددە(6)برگە(5)یاســای ژمارە(7)ی ســالی(2014)ی دەســتەی دەســتپاکی هاتوە:پارلەمان دەســـەلاتی لێپرســـینەوە ولادانی ســـەرۆکی دەســـتەی نەزاهەی هەیە بەلام بەزۆرینەی2\3،وە لەماددە(5)یاســای ژمارە(2)ی ســالی(2008)ی دیوانی چاودێری دارایی دا

هاتوو:بەزۆرینەی(3\2)پارلەمان دەتوانێت سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لابدات.وەهەروەها لەمادە(7)برگە(5)ی یاسای کۆمسیۆنی سەبەخۆی هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە(4)سالی(2014) هاتوو،ئەندامانی کۆمسیۆنەکە بەزۆرینەیە3\2 لەلایەن پارلەمانەوە لادەدرێن.

بەدیدی ئیمە دەبوایە بەزۆرینەی رەها بتوانێت لایان بدات،جگە لەوە میکانزمی لێپرسینەوەیان دیاری بکرێت،بۆیە ئیمە واهەست دەکەین ئەم دەستە سەربەخۆیانە گەورە کراون لەبەرامبەر پارلەماندا،چونکەزۆر سەختە رێژەی3/2 دەستەبەر بکرێت بۆ لێپرسینەوە یان وەرگرتنەوەی متمانە لێیان هەروەها رێککارەکانیش دیاری نەکراون بۆ لێپێچینەوەیان وەک ئەوەی لەدەستوری عیراقداهاتووە.

7- لەهیچ دەقێکی یاسای هەلبژاردنی پارلەمانی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتی و یاسای ئەنجومەنی وەزیران و پەیرەوی ناوخۆی پارلەمانی کوردستان باسی ئەوە نەکراوە،سەرۆکی کابینەی وەزاری پێش راسپاردنی بۆ دروست کردنی کابینە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەکام رێژەیە رادەسپێردرێت لەناو پارلەمان،تەنیا لە دەقی مادده(10)یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(1)ی سالی(2005)هاتووە:سەرۆکی هەرێم دوای ناوزەندکردنی سەرۆکی کابینە لەلایەن پارلەمانی کوردستان سەرۆکی کابینەکە رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینە لەماوەی(30)رۆژ لەرۆژی راسپاردنەکە،شیاوی باسە ئێمە تەنیا ئەم دەقەمان لەبەردەستە ولەهیچ یاسایەکی تر ئەم بابەتە رێکنەخراوە،بەلام ناروونی وکەموکورتی ئەم دەقە لەوەدایە،ئایا پارلەمان بەکام زۆرینە ناوزەندی پالێوراوەکە دەکات،ئایا کەسی ناوزەنکراو سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی پارلەمانیە یان سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی هەلبژاردنە،هەرچەندە ئەمە لە کوردستاندا تاکو ئێستا نەبۆتە کیشە بەهۆی تەوافوقاتی سیاسی وهێنانی زۆرینە لەلایەن چەند پارتێکی سیاسی،بەلام بەراستی لەرووی یاسایەوە کێشەیەکی گەورەیە،چونکە لە

سیستمی پارلەمانیدا پرسی ناوزەندکردنی سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆن لەدەستی پارلەمانە بەزۆرینە،کەواتە بەناراستەخۆ دەتوانین بلێین پارلەمان دەبوایە بەزۆرینە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یەکلایی بکاتەوە و ناوزەندی بکات نەک دەسەلاتی پارلەمان بچوک بکرێتەوە و رۆلی نەبێت لەیەکلایی کردنەوەی سەرۆکی حکومەت بەزۆرینەی رەها،چونکە ئەگەر بەگوێرەی ئەم دەقە بێت پارتیکی سیاسی تەنیا زۆرینەی سادەی هێنابێت دەتوانێت خۆی کاندیدی خۆی ناوزەند بکات بۆ سەرۆکی حکومەت،چونکە دەقی مادە(5)لەپەیرەوی ناوخۆی پارلەماندا دەلێت دانیشتن بەزۆرینەی رەها دەبێت،بەلام یاساو بریارەکان بەزۆرینەی سادە دەبێت،جا لەبەر ئەوەی ناوەزەند کردن بە بریار دەکرێت کەواتە بەزۆرینەی سادە دەکرێت ناوزەندی سەرۆکی حکومەت بکرێت،بەدیدی ئیمە ئەم دەقە دەبوو وا دارێژرایە کە بە زۆرینەی رەها بریارەکانیش بدارانایە ئەوکات ڕاستەوخۆ گەورەترین فراکسۆنی پارلەمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوزەند دەکرد،یان ئەوەتا دەقیک زیاد کریت ئەم زۆرینەیە بۆ راسپاردن یەکلای بکاتەوە.

**3- دامەزاروەی جێبەجێکردن(راپەراندن) ورێکخستنی دەسەلاتەکانی**

لیرەا هەول دەدەین باسی بنچینەی یاسایی بۆ دروست بوونی هەردوو دامەزراوەکەی جیبەجیکردن بکەین:

**3-1رێکخستنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەریم**

لێرە هەول دەدەین تەنیا ئەو ماددانە باس بکەین كة لةياساكاني هةريمدا کێشەی تیدایە وسەرنجی خۆمان تەنیا لەسەر ئەو ماددانە دە خەینە روو کە رێکخستنێکی نادروستی کردوە بۆدەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم ومیکانزمی هەلبژاردنی وکارکردنەکەی:

1- لەمادەی یەکەمی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان ژمارە(2)ی سالی(2006)هاتووە:هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی دەبێت کەپێی دەگوترێت سەرۆکی هەرێمی

کوردستـــــتان کەســـــەرۆکی بـالای کـار راپەڕاندنە فەرمـاندەی گشــــتی هێزە چەکدارەکـانی کوردستانیشە.

بەدیدی ئێمە پێدانی دەســـەلاتی فەرماندەی هیزە چەکدارەکان(پیشـــمەرگە)بەســـەرۆکی هەرێم لەجێگای خۆی نیە،چونکە ســــەرۆکی هەرێم لەبەردەم پارلەماندا بەرپرســــیاریەتی ســــیاســــی نیە،بەلکو بەرپرســـــیارەتی ســــیاســــی راســـــتەقینە هی ئەنجومەنی وەزیران وســــەرۆکی ئەنجومەنەکەیە،کاتێک بەرپرسیارەتی نابێت واتە دەسـەلاتیش نابیت کردەیی بیت بەلکو پێویستە ســـیمبولی بێت،حیکمەتی ئەمەش لەوەدایە ســــەرۆکی هەرێم لەگریمانەی خراپ بەکارهینانی دەســـەلاتەکانی لەبواری ســـەربازی بەگوێرەی ئەم دەقە بەرپرســـیار نابیت وپارلەمان بۆی نیە لێپرســــینەوەی لێبکات،بەلام کاتێک دەقەکە هەموار بکریت ودەســــەلاتی فەرمانداریێتی هێزە چەکدارەکان بداتە دەســـــت ســــەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوکات کیشــــەی ئەوەمان نابیت لیپرســــینەوە ئەنجامدریت هەرکاتێک ســــەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەســــەلاتی خراپ بەکارهێنا،بۆیە دەتوانین بلێین واباشـــە کاتیک لەیاســـاکانی هەریم دەســـەلاتی ســـەرۆکی هێزە چەکدارەکان بدریتە دەســـت ئەنجومەنی وەزیران چونکە بەرپرســـیارەتی ســـیاســـی کردەیی لەبەردەم پارلەماندا هەیە،وەک لەدەســـــتوری عێراقی ســــالی(2005)ی هەمیشــــەی داهاتووە لەمادە(78)کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراقە.

2-لەمادە(15)یاسـای سـەرۆکایەتی هەریم ژمارە(2)ی سـالی(2005)هاتوە کاتێک سـەرۆکی هەرێم جێگەی چۆل دەبێت(خلو)دەکات ئەوا سـەرۆکی پارلەمانی کوردسـتان جێگەی دەگرێتەوە بۆماوەی(60)رۆژ تاکو هەلبژاردن ئەنجام دەدریت بۆسەرۆکیکی تر.

بەرای ئێمە،ئەم دەقە یاســاییە هیچ لۆجیکێکی  یاســای تیانیە،چونکە کاتێک جێگەی ســەرۆکی هەرێم چۆل دەبیت،ســــەرۆکی هەرێم دوو جێگری هەن ئەی رۆلی ئەوان چیە؟ئەی مانای جێگر

چیە؟بۆیە دەبوو دەقەکە بلێت جێگری یەکەمی ســــەرۆکی هەرێم جێگەی ســــەرۆک هەرێم دەگرێتەوە تاکوهەلبژاردن ئەنجام دەدرێت.

جیگەی ئاماژەیە لەمادەی(14)ی هەمان یاسای سەرەوە هاتووە:لەکاتی دیار نەبوونی(غیاب)ی ســـەرۆکی هەرێم ئەوا ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەرک و فەرمانەکانی ســـەرۆکی هەرێم هەلدەســـوڕێنێت ،ئەمەش جارێکی تر بەرای ئێمە نا لۆجیکیە،چونکە کاتێک ســـەرۆک بۆنمونە ســـەفەردەکات یان نەخۆش دەکەوێت یان هتد..واتە مانای غیاب بوون دەگەیەنێت،بۆچی جێگرەکانی کاروباری ئەوان جێبەجێ ناکەن ودەســـەلات نادرێتە ئەوان لەم حالەتەدا؟لەکاتیدا دوو جێگری هەبێت لەگەڵ ئەوشدا پەنا بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ببرێت کە سەرقالترین پێســـپێرداروی گشـــتیە لە دەولەتدا؟کەچی جێگرەکانیش بوونیان هەبێت،بۆیە ئیمە پێمان وایە دەبوایە ئەو دەقە بلێ جێگری یەکەم جێگەی دەگریتەوە وکاروبار دەگرێتە ئەستۆ ئەگینا جێگری دووەم ئەگەرهەر ئەویش نەیتوانی وغیاب بوو ئنجا ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگەی بگرێتەوە.

شـــایەنی باســـە دەســـتوری عیراقی لەمادە(75)برگە (2)دەلیت:کاتێک ســـەرۆکی کۆمار دیارنابیت(غیاب)دەبیت ئەوا جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە،وە لەبرگەی(3)هەمان ماددە هاتوە:کاتێک پۆســـتی ســـەرۆکی کۆمارچۆل(خلو)بوو ئەوا جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە تاکوســـەرۆکێکی نوێ هەلدەبژێردرێت لەلایەن پارلەمانەوە،وە لەبرگەی(4)دا دەلێت:ئەگەر ســـەرۆک هیچ جێگرێکی نەبوو ئەوا ســـەرۆکی پارلەمان جێگەی دەگرێتەوە.بۆیە لەســـەر ئەو بنەمایە دەکریت هەمان شـــێوازی دەســـتوری عیراق پەیرەو بکرێت لەم بارەیەوە هەم لە حالەتی(غیاب)هەمیش حالەتی(خلو).

5-لەمادەی(10)برگە(3) یاسای سەرۆکایەتی هەریم ژمارە(1)ی سالی(2005)هاتوە،سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە پارلەمان هەلوەشێنێتەوە ئەگەر لەماوەی (45)رۆژ لەرۆژی بانگێشت کردنی بۆ

یەکەمین کۆبونەوەی دوای هەلبژاردن ڕێژەی یاسـای تەواو نەکرد،ئەگەر زیاتر لەنیوەی ئەندامانی دەسـتیان لەکارکێشـایەوە،ئەگەر پارلەمان نەیتوانی متمانە بە(3)کابینەی یەک لەدوای یەک بدات بۆ پێکهێنانی حکومەت،ئەگەر سیستـمی هەلبژاردنی پارلەمان گۆرا وە(6)مانگ یان کەمتری مابوو بۆ هەلبژاردن.

ئێمە پێمانوایە،ئەم ماددەیە تەنیا دەسـەلاتی هەلوەشـاندنەوەی داوتە دەست سـەرۆکی هەرێم، لەکـاتێـدا مـافی هەلوەشـــانـدنەوەی پـارلەمـان هی دەســەلاتی جێبەجێکردنە بەهەردوو دامەزراوەکەی(سـەرۆکی هەرێم وسـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران)،جا لیرە دا بەرای ئێمە دەبوایە مـادەکە بلێ ســەرۆکی هەریم وســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە دەتوانن داوای هەلوەشـــاندنەوەی پارلەمان بکەن،یان بلێت ســەرۆکی هەرێم دوای راویژ لەگەل ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت داوای هەلوەشـــاندنەوەی پارلەمـان بکـات،ئەمە لە زۆریک لە وولاتان بەوشـێوەیە پەیڕەودەکریت وەک فەرنسـا لەمادە(12)ی دەسـتوری سـالی(1958)ی هەموارکراودا هاتووە.ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئەم مەرسـومەی سـەرۆکی هەرێم دەریدەکات وای لێدەخوینریتەوە کەوا مەرســومەکە کاشــفە نەک دروســتکەر(منشــیء)واتە پارلەمان هەلوەشاوەتەوە وتەنیا سـەرۆک مەرسوم دەردەکات،بەدیدی ئێمە ئەم حالەتانەی سـەرەوە جگە لەوەی پارلەمان خۆی خۆی هەلوەشـێنێتەوە ئەگەرنا لەدوو حالەتەکەی تر با سـەرۆکی هەرێم بۆی نەبێت مەرسومی هەلوەشاندنەوە دەربکات،چونکە ئەمە لەهیچ وولاتێک نەبوە بەو پاساوانە پارلەمان هەلوەشێنرێتەوە.

ئەگەر سـەرنج بدەینە دەستوری عیراقی لەماددەی(64)برگەی(1)هاتووە:ئەنجومەنی نوینەران بەزۆرینەی رەها دەتوانێت خۆی هەلوەشــێنێتەوە لەســەر داوای 3\1ی ئەندامانی،یان داوای سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وبەرەزامەندی سـەرۆکی کۆمار.واتەهەلوەشـاندنەوەی پارلەمان تەنیا لەدەســت خودی پارلەمانە واتە(حل الذاتی)وە دەســەلاتی ســەرۆکی کۆمار وســەرۆکی

ئەنجومەنی وەزیران تەنیا ئەوەیە دەتوانن داواکاری هەلوەشـــاندنەوە پێشـــکەش بکەن،بۆیە بەدیدی ئێمە یاسـادانەری دەسـتوری عیراقیش سـەرکەوتوو نەبووە لەم بارەیەوە،چونکە مافی هەلوەشاندەوەی پارلەمان لەدەست سەرۆکی کۆمار یان پاشایە لە سیستەمی پارلەمانی صرف و تەنانەت نیمچە سـەرۆکایەتیش،بەلام بەراویژ لەگەل ئەنجومەنی وەزیران،جا کاتێک سـەرۆک یان پاشـــا دەبینێت هیچ دەرچەیەک نیە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان لەنیوان پارلەمان وئەنجومەنی وەزیران یان کاتێک دەبینێت پارلەمان توشـــی(تعذر الاجتماع)دەبێت بۆماوەیەکی دووردرێژ بەلام ژیانی میللەت وەستاوە وبەندە لەسەر ئەو کۆبوونەوانەی پارلەمان ودەرکردنی یاســـاکان وبریارەکانی پارلەمان بۆیە ســـەرۆکی وولات دەتوانێت پەنا بۆ هەڵوشـــاندنەوەی پارلەمان ببات وبەرەو هەلبژاردنی تازە بچێت،کەواتە مافی هەلوەشـــاندنەوەی پارلەمان یەکێکە لە مافەکانی دەســـەلاتی راپەراندن کەســـەرۆکی وولات بەکردەیی دەتوانیت پیادەی بکات وەک چەکی بەرامبەر دژی پارلەمان بەلام بەراویژ لەگەل سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،واتە پارلەمان مافی کێشـانەوەی متمانەی هەیە لەسـەرۆکی دەسـەلاتی راپەراندن لەبەرامبەریشـدا دەسـەلاتی جێبەجێکردن(بەهەردوو دەزگـاکەیەوە)مـافی هەیە پـارلەمـان هەلوەشـــێنێتەوە بەلام بەمەرجی دیاریکراو لەدەسـتوردا وەک ئەوەی باسـمان کرد پێشـوتر،بۆنمونە لەمادەی(12)ی دەسـتوری فەرنســـی ســـالی(1958)ی هەموارکراودا کە ســـەرۆکی کۆمار بەراویژ دەتوانێت پەرلەمان هەلوەشێنێتەوە.

6- لەماددە(10)برگە(5)هاتووە سـەرۆکی هەرێم بۆی هەیە مەرسـوم و بریاری وا دەربکات کە هێزی یاسـایان هەیە کاتێک سـیسـتمی سـیاسـی وئاسـایشـی گشـتی وولات ودام ودەزگا دەسـتوریەکان بکەونە بەر مەترسـی ڕاسـتەقینە وپارلەمانیش نەتوانێت کۆببێتەوە،دوای راویژ و رێککەوتن لەگەل سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکی پارلەمان.

ئەم دەقە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی راستە،بەلام بۆ سیستمی پارلەمانی کەمتر پەیرەوە دەکریت،ئەگەر پەیرەویش بکریت ئەوا دەسەلاتکە هی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە،واتە مەرسومی هێزی یاسایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت دەریدەکات بە راویژ لەگەل سەرۆکی پارلەمان و سەرۆکی دادگای دەستوری،بۆچی؟چونکە ئەم مەرسومانەی هێزی یاساییان هەیە واتە دەسەلاتی جێبەجێکردن شوێنی دەسەلاتی یاسادانان دەگرێتەوە بابەتێکی زۆرهەستیارە،بۆیە کاتیک سەرۆکی هەرێم مەرسومێک دەربکات هیزی یاسایی هەبێت وخراپ دەسەلاتی بەکارهینابێت چون لێپێچینەوەی لێبکرێت؟کاتێک سەرۆکی هەرێم لێپرسراویەتی سیاسی نەبێت چۆن ئەودەسەلات گەورەیە بدەینە سەرۆکی هەرێم،بۆیە بەدیدی ئێمە دەسەلاتی دەرکردنی ئەم مەرسومە بدرێتە سەرۆکی ئەنجومەن وەزیران دوای راویژ لەگەل سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی پارلەمان وسەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم یان سەرۆکی دادگای دەستوری هەریم ئەگەر لەداهاتوودا دستور دانراو دادگای دەستوری پێکهێنرا.وەک لەمادە(16)ی دەستوری فەرنسی سالی(1958)ی هەمواکراودا هاتووە هەرچەندە دەسەلاتی سەرۆکی وولاتە مەرسومەکە دەربکات بە راوێژ لەگەل سەرۆکی هەردوو ئەنجومەنی پیران ونوینەرانی فەرنسا وسەرۆکی ئەنجومەنی دەستوری فەرنسی،بەلام لەوێ سەرۆکی کۆمار،چونکە لەلایەن گەلەوە هەلبژێردراوە بۆیە پێگەی یاسایی بەرزترە لەهی ئەنجومەنی وەزیران ودەسەلاتی کردەیی جێبەجێکردن لەدەست ئەوە هەر بۆیە دەسەلاتی دەکردنی ئەو مەرسومەش لەدەست ئەوە،بەلام لەهەرێم چونکە سەرۆکی هەریم وئەنجومەنی وەزیران هەردووکیان لەلایەن پارلەمانەوە متمانەیان پێدەدرێت لێرەدا پێشینە دەدرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە مافی دەرکردنی ئەو مەرسومانەی هەبێت،چونکە وەک باسمان کرد دەسەلاتی کردەیی هی ئەوە وهەرئەویش بەرپرسە لەبەردەم پارلەمان بەلام دەبێت بە راویژ

بێت لەگەل سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی پارلەمان وسەرۆکی دادگای دەستوری ئەگەر پێکهات لەداهاتوودا ئەگەرنا سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری.

وە لەمادە(10)برگە(8)هاتوە سەرۆکی هەرێم دەسەلاتی راگەیاندنی باری نائاسایی هەیە بەگویرەی یاسایەکی تایبەت،ئەم دەسەلاتش هی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە وەک باسمان کرد لەبەر ترسناکی بابەتەکە،چونکە چۆن لێپرسینەوە بکەین لەسەرۆکی هەرێم لەکاتی خراپ بەکارهێنانی دەسەلات؟ئنجا لەم ماددەیەدا تەنانەت بەهیچ شێوەیەک باسی راویژ ورێککەوتنیش ناکات لەگەل ئەنجومەنی وەزیران،ئەمە پیچەوانەی سیستمی پارلەمانی پەیرەوەکراوە لەزۆر وولاتان و لەعیراقیشدا.

8- لەمادەی(16)برگە(3)یاسای سەرۆکایەتی هەریم ژمارە(1)ی سالی(2005)هاتوە:بەلایەنی کەم 4\3ی ئەندامانی پەرلمان دەتوانن سەرۆکی هەرێم لەمتمانە بخەن.

ئەم دەقە دەقێک بووە کاتی خۆی بەهەرەمەکی خراوتە ناو ئەم یاسایە،چونکە باسی متمانە کێشانەوەی کردوە لەسەرۆکی هەرێم،لەکاتیکدا سەرۆکی وولات لە سیستمی پارلەمانیدا بەرپرسیارەتی سیاسی نیە وتەنیا بەرپرسیاریەتی تاوانکاری هەیە لەو پرسانەی کە پێی دەگوترێت خیانەتی نیشتمانی وپێشێل کردنی دەستور وشکاندنی سوێندنی دەستوری،واتە بەدیدی ئێمە پێویست نەبوو مادەیەکی لەم شێوەیە هەبێت کە ماف بداتە پارلەمان متمانە بکێشێتەوە لەسەرۆکی هەرێم لەرووی سیاسی،وەک باسمان کرد دەبوو دەقی یاساکە بلێ پارلەمان بۆی هەیە لەحالەتی تاوانکاریدا بە زۆرینەی 3\1ئەندامانی سەرۆکی هەرێم تۆمەتبار بکات ودواتر دادگای دەستوری دادگای بکات وبریار بدات کە سەرۆکی هەریم تاوانبارە بە یەکیک لەم حالەتانەی کە دەستور یان یاسا دەقنوسی کردووە،ئینجا دواتر بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پارلەمان متمانەی لێ بکێشرێتەوە،ئەم شیوازە لە سیستمی پارلەمانی وسەرۆکایەتی وتێکەل پیادەدەکرێت لەجیهاندا وەک لەمادە(68)ی دەستوری فەرنسی هاتوە، وە

لەمادده(61\شـــەشـــەم\ب).جگە لەوە ئێمە واهەســـت دەکەین ئەم دەقە تەنیا وەک دەقیکی لابەلا دانراوە،چونکە نە لە ناو خودی یاسـای سـەرۆکایەتی هەریم ونە لەناوهیچ دەقێکی تری یاسـایی ونە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان باســـی میکانزمی کێشـــانەوەی متمانە ناکات لەســـەرۆکی هەرێم،چونکە متمانە کێشـــانەوەش میکانیزم و ریککاری خۆی هەیە بەلام هیچ لەمانە بوونی نیە وەک ئەوەی بۆ کێشـــانەوەی متمانە لەســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە لەناو یاســـاکانی ئەنجومەنی وەزیران وپەیرەوەی ناوخۆی پارلەمان،جگە لەوەش خول هەبوە ســـەرۆکی هەرێم راسـتەخۆهەلبژێردراوە نەک لەناو پارلەمان وەک خولی(2009- 2017)کەچی ئەم دەقەش هەر وجودی هەبوە لەناو یاســـاکە،رەنگە ئەمە گەورەترین دژواری بوبێت کاتێک ســـەرۆک لەلایەن گەل هەلدەبژیری بەلام پارلەمان هەقی متمانە کێشـــانەوەی هەبێت لیی،ئەمە یەکانگیر نیە لەگەل سـیسـتمی پەیرەوکراو لەجیهاندا،چونکە کاتێک سـەرۆک لەلایەن گەلەوە هەلبژێردرێت پارلەمان هەقی ســـەنـدنەوەی مـتـمـانەی نـابـێـت لـێـی،رەنـگە ئەم دەقە بـۆخـولـی دووای سـالی(2019)وخولی(2005-2009)کێشـە دروسـت نەکات تارادەیەک،چونکە سـەرۆک لەلایەن پارلەمانەوە هەلبژێردراوە لەم دوو قوناخەی سەرەوە بۆیە دەکری هەر پارلەمانیش متمانەی لێ بسـەنێتەوە،بەلام وەک ووتمان بەرپرسـیارەتی سـیاسـی هی سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە لە سـیســـتەمی پارلەمانی،چونکە دەســـەلاتی کردەیی هی ئەوە،بۆیە راســـتەخۆ هەلبژیردرێت یان ناراســـتەوخۆ بەدیدی ئێمە پارلەمان ناتوایێت لێپرســـینەوە بکات لەســـەرۆک،چونکە دەســـەلاتی کردەیی لانیە وتەشریفیە،بەلام ئەوە کاتێک راست دەبێت کاتێک دەسەلاتمان لەسەرۆکی هەریم کەم کردنەوە ئەو بەرپرســـیارەتیەش نامینیت بەگویرەی ئەو دەســـتەواژە باوەی لە یاســـای دەستوریدا هەیە(لەکۆی دەسەلات هەبێت لەوێ بەرپرسیارەتی هەیە).

9-لەمادەی(10)برگە(15)ی یاسـای سـەرۆکایەتی هەریم هاتووە:سـەرۆکی هەرێم دەسـەلاتی دامەزراند ولابردنی پلە تایبەتیەکانی هەیە،بەبۆچوونی ئێمە دامەزراندنی پلە تایبەتیەکان دەبێت

لەدەســەلاتی ئەنجومەنی وەزیران بێت بەلام پێویســتە ڕەزامەندی پارلەمانیش وەربگیرێت،بەلام ئێمە پێمان وایە جۆری پلە تایبەتیەکان جیا بکرێنەوە،پلە تایبەتەکانی ســەربە ئەنجومەنی دادوەری لەدەســەلاتی خۆی بێت هی پارلەمان لەدەســەلاتی خۆی بێت،پلە تایبەتەکانی ســەربە دەسەلاتی جێبەجێکردن جیابکرنەوە بۆ پلە تایبەتی بالا وئاسایی،پلە تایبەتیەکانی بالای سەر بە دامەزراوەی ئەنجومەنی وەزیران لەدەســـەلاتی خۆی بێت وبەلام ڕەزامەندی پارلەمانیشـــی بۆ وەرگرێت،وە پلە تایبەتە بالاکانی ســەربە دامەزراوەی ســەرۆکی هەرێم لەدەســەلاتی ســەرۆکی هەرێم بێت بەلام بەرەزامەندی پارلەمان بێت ئەویش،ئەمەش بە یاسایەک ڕێکبخرێن واتە جۆری پلەتایبەتەکان وشـــیوازی ڕەزامەندی وهتد دیاری بکرێن... بۆیە هەســـت دەکەین لەم دەقەدا ســـەرۆکی هەرێم هەژموونی بەســـەرنەک لایەنی ســـیاســـیدا بەلکو بەســـەر لایەنی ئیداری پەتیشـدا(الاداره الصــرفیه)هەیە کە پێمان وایە کاری ســەرۆکی هەرێم زۆر لەوە تەشــریفی ترە نەک ڕۆبچێتە ناو ووردەکاریە ئیداریەکانی خوارەوە.ئەگەرســـەیر بکەین دەســـتوری عیراقی لەمادده(80)برگە(5)دەســـەلاتی دانانی پلە تایبەتەکانی داوتە دەســت پارلەمان بەلام ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تەنیا دەتوانیت پێشـــنیاری ناوەکان بکات.بۆ لادانی پلە تایبەتەکانیش بەهەمان شێوەی دانانیان،پارلەمان پێوستە مافی لابردنیانی هەبێت بۆ پلە تایبەتەکانی زۆر بالا.

### 3-2-ڕێکخستنی دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان

1-لەمادەی(6)ی یاسـای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە(3)ی سـالی(1992)ی هەموارکراودا هاتووە:سـەرۆک وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دوای متمانەوەرگرتن سـوێندی یاسـایی دەخۆن لەبەردەم پارلەماندا،بەلام بەهیچ شێوەیەک باسی ڕێژەی ئەو زۆرینەیەی نەکردوە لەم یاســـایەدا،تەنانەت لەیاســـای ســـەرۆکایەتی هەرێمیش دەلێت دوای ناوناوی لەلایەن پارلەمانەوە ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەســـپێردرێت بەپێکهنانی کابینە لەلایەن ســـەرۆکی هەرێمەوە لیرەدشـدا باســی ئەو ڕیژەیە نەکراوە،بۆیە جێگەی ســەرســەڕمانە

دووای ئەو هەموو هەموارانە یاسـادانەر ئەم بابەتەی چارەسـەرنەکردوە،تەنانەت ئەمە لەهیچ یاسـایەکی تر هەروەها لەناوپەیرەوی ناوەخۆی پارلەمانی کوردسـتانیش چارەسـەرنەکراوە مەگەر برۆینە سـەر دەقی ماددە(5)ی پەیرەوە قیاسـی ناوزەند لەسـەر تەواوکردنی ڕێژەی یاسـایی بکەین بۆ تیپەراندنی یاسـا وبریارەکان،جا بۆیە ئەمە یەکێکە لەکەموکورتیەکانی یاساکە ولەهیچ دەستور ویاسایەک نیە ئەو پرسە بەلێلی بهێلێتەوە.ئەمە لە یاسـای سـەرۆکایەتی بۆسـەرۆکی هەرێم بەروونی دەقنوس کراوە،وە هەروەها بۆ هەلبژاردنی سـەرۆکی پارلەمان ودەسـتەی سـەرۆکایەتی پارلەمان لەپەیرەوی ناوەخۆی پارلەمان بەروونی دەقنوس کراوە وەک ئاماژەمان پێدا پێشـووتر.جگە لەمە ئەو یاسـایە باسـی چۆنیەتی لێسـەندنەوەی متمانەشـی نەکردوە بەچ ڕێککاریک دەبێت و ڕێژەکە چەند بێت،تەنیا پەیروەی ناوەخۆی پارلەمانی کوردسـتان کە لە(2018\7\17)ی هەمواکراو باسـی کردوە،کە بەدیدی ئێمە ئەوەش پێوسـت بوو بە یاسـا ڕێکبخریت نەک لەپەیرەوی ناخۆی پارلەمان کە دەسـەلاتیکی جیایە ودەسـەلاتی تەشـریعیە باسـی بکات جگە لەوەش بەهای پەیرەو نزمترە لەبەهای یاسـا،ئەگەرسـەیر بکەین لەمادە(74)برگەی(4)ی پەیرەوی ناوخۆی پارلەمانی سـالی(2018)ی هەمواکراو دەلێت:سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە زۆرینەی(2\3)لادەدرێت،وە لەبرگەی(5)ی ماددەکە دەلێت وەزیرەکانیش بە زۆرینەی رەها لادەدرین،ئەمەش یەکێکە لە کێشـەکان،وەک باسـمان کرد بۆ سـەرۆکی وولات ئاسـاییە زۆرینەی(2\3)دانرێـت بۆ پرسـانـدنی سـەرۆک لەکـاتی تۆمەتبـاکردنی بەپرسـە تاوانکاریەکان،بەلام بۆسـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم ڕێژەیە زۆرە بەلکو زۆرینەی رەها بەسـە بۆ کێشـانەوەی متمانە لێی لەرووی سیاسیەوە،جگە لەوەش پێمان وایە نابێت جیـاوازی بکریـت لەنێوان سـەرۆک وئەنـدامـانی ئەنجومەنەکەی بۆ لابردنی بەلکو هەردووکیـان بەیەک ڕێژە بتوانرێـت لادرێن وحیکمەت لەو جیـاکـاریە نیە.ئەگەر دیقەت

بدەین لە دەستوری عیراق لەمادە(76)برگە(4)داهاتووە:بەزۆرینەی رەها سەرۆک وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەلدەبژیدرین،وە لەمادەی(61)\هەشتەم\أهاتووە کە بەزۆرینەی رەها ئەنجومەنی نوینەران دەتوانێت متمانە بکیشتەوە لە وەزیرەکان،وە لەمادده(61)\هەشتەم\ب\3هاتووە:پارلەمان بە زۆرینەی رەها متمانە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکێشێتەوە،کەواتە بەدەستورئەم پرسە یەکلایی کراونەتەوە لەرووی رێژەی پێویست بۆلادان یان دانان،وە جگە لەوەش دەستوری عێراقی هەمیشەی(2005)جیاوازی نەکردووە لەنێوان وەزیروسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.بۆیە پێشنیاردەکەین بۆیاسادانەری هەرێمی کوردستان یان یاسادانەری دەستوری ئەگەر دروستبوو لەداهاتوو بەهەمان شێوەی دەستوری عێراقی ئەم بابەتە رێکبخات بەدەقی رون و راشکاو بەبێ جیاکاری لەنێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان.

1- لەماددەی(8) برگەکانی(11و12)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(3)ی سالی(1992)ی هەمواکراو هاتوە:سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بەریوەبەرگشتیەکان و پلەتایبەتەکان دامەزرێنیت ولەکاریان لابدات،تەنانەت بۆی هەیە سەرۆکی یەکە ئیداریەکان ودادوەران وئەندامانی داواکاری گشتی دامەزرێنیت.

بەدیدی ئێمە ئەم دەقە یاسایە دژی مادە(16)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە،کە تیایدا هاتوە:سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە دادوەران وسەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی دامەزرێنێت دوای پالاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری،لێرەدا وا دەکەوێت کە خودی یاساکە دەسەلاتی پالاوتنی داوەتە دەست ئەنجومەنی دادوەری ودەسەلاتی پەسندکردنیان ودەرکردنی مەرسوم بۆ دامەزراندنیانی داوتە سەرۆکی هەرێم،بەلام بەهیچ شێوەیەک باسی دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە،بەلام لەیاسای ئەنجومەنی وەزیران دەقی مادە(12)هاتووە:دەسەلاتی دامەزراندنی ئەندامانی داواکاری

گشـــتی و دادوەران ودەرکردنی فەرمایشـــتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندیان لای سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت وباسـی سـەرۆکی هەرێم نەکراوە لەم یاسـایەدا،بۆیە بەدیدی ئێمە دەقی ئەم دوو یاســـایە دژ بەیەکن لە غیابی دەســـتوردا،ئایا کامیان فەرامۆش بکرێت ئەمە دادگەی دەســـتوری یەکلایی دەکاتەوە کەهەرێمی کوردســـتان تاکوئێســـتا نیەتی،بۆیە لەسـەریاسـادانەری ئاسـایی پێوسـتە دەقی یاسـای سـەرۆکایەتی هەموار بکاتەوە وبەجۆرێک بێت کە دانانی دادوەرانی ئاســـایی وئەندامانی داواکاری گشـــتی لەدەســـتی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری خۆی بێت،چونکە سـەربەخۆی دەسـەڵاتی دادوەری ئەمە دەخوازێت،بەلام سـەرۆک وئەندامانی دادگای تەمییز وسـەرۆکی داواکاری گشتی وسـەرۆکی دەزگای سـەرپەرشـتیاری دادوەری وسـەرۆک وئەندامانی دادگای دەسـتوری(ئەگەر پێکهێنرا لەداهاتوو)دەبێت رەزامەندی پارلەمان بەزۆرینەی رەها بێت ئەمەش دوای پالاوتنیان لەلایەن ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری،ئینجا دەســـەلاتی ســـەرۆکی هەرێم تەنیا دەرکردنی مەرسومێکی کاشف بێت بۆیان.ئەمەش پاڵپشت بە شیوازی پەیرەوکراو لە دەستوری عیراقی هەمیشـــەی ســـالی(2005)کە لەمادە(61)برگە(5)هاتووە:ســـەرۆک وئەندامانی دادگای تەمیز وسەرۆکی داواکاری گشتی وسەرۆکی دەستەی سەرپەرشییاری دادوەری بەزۆرینەی رەها لەلایەن پارلەمانەوە دادنرێن دوای ئەوەی کە دەپالێورێن لەلایەن ئەنجومەنی بالای دادوەری عێراقەوە.ئەم شـــیوازە لەگەل ســـیســـتمی پارلەمانی یەکانگیرە بەتەواوی بۆیە هەریمی کوردســـتانیش واباشـــە پێوەی پابەند بێت لەکاتی هەمواری یاســـاکەدا یان لەکاتی دانانی دەستوردا.

2-مادە(15)ی یاســـای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(3)ی ســـالی(1992)هاتوە:بۆ ئەنجومەنی نیشـتمانی(پارلەمانی ئیسـتا) هەیە بە زۆرینەی(4\1)وەزیر تۆمەتبار بکات وهەوالەکردنییشـی بۆ دادگای تایبەتمەند بە زۆرینەی 3\2دەبێت،ئەم دەقە لۆجیکی یاسای کەم تێدایە بەم جۆرە،چونکە

بڕیاری هەواڵەکردنی هیچ پێویستی بە3\2 ناکات ئەمە کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارلەمانە،چونکە 3\2زۆرینەیەکە لەکەم حاڵەتدا بەدی دێت،بۆیە زۆرینەی ڕەها بوایە کافی دەبوو،لیرە واهەست دەکەین کەرۆڵی دەسەلاتی ڕاپەراندن فراوان یان گەورە کراوە لەبەرامبەر یاسادانان،چونکە ئەم زۆرینەیەی پارلەمان بەزەحمەت دەتوانرێت دەستەبەر بکریت وکەم جاردەتوانرێت وەزیر بدرێتە دادگا و ئەو ڕێژەیە بەئاسانی کۆناکرێتەوە.

3-لەمادە(17)ی یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران هاتوە لەکاتی چۆڵ بون وئامادە نەبونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە،ئەم دەقە دەقێکی باشە لەگەل سیستەمی پارلەمان دەگونجێت بەلام لەیاسای ئەنجومەنی وەزیراندا دەبوو ئەگەری ئەوەش یەکلای بکاتەوە کاتێک جێگری سەرۆکیش جێگەی چۆل بێت یان ئامادە نابێت،ئەوا ئەوکات سەرۆکی هەرێم جێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بگرێتەوە،چونکە هەردووکیان لەیەک دامەزراوەی جێبەجێکردنن وتەواوکەری یەکترن.لەم دەقە پەی بەوە نەبراوە ویەکێکە لەکیشەکان.ئەگەرسەیربکەین لەدەستوری عیراقی مادە(81)\یەکەم هاتوە کە سەرۆکی کۆماری لەکاتی(خلو)کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە تەنانەت ئەگەرجێگریشی هەبێت دەقەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە کەوا سەرۆکی کۆمار جێگەی بگرێتەوە نەک جێگر،بەلام بەدیدی ئیمە لەم حالەتە دەبێت جیاوازی نیوان دوو حالەت بکەین یەکەم ئەگەر جێگرەکە وەک سەرۆک لەپارلەمانەوە متمانەی وەرگرتبێت دووەم حالەت ئەگەر سەرۆکی وەزیران خۆی کەسێکی دانابێت بۆ جیگرایەتی خۆی،بەرای ئیمە لەحالەتی یەکەم بتوانرێت جێگرەکە جێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بگریتەوە،چونکە شەرعیەتی پارلەمانی هەیە،بەلام لەحالەتی دووەمدا سەرۆکی کۆمارجێگەی بگرێتەوە.وە بەپشت بەست بەماددە(6)ی یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(3)سالی(1992)بۆمان دەردەکەویت جێگری سەرۆک دەبێت وەک سەرۆکی ئەنجومەن وگشت وەزیرەکان متمانەی پارلەمان

بەدەستبهێنیت،چونکە دەقەکە وادەڵێت:سەرۆک وجێگری سەرۆک وەزیرەکان دوای وەرگرتنی متمانە ئەم سوێندە یاسایە...دەخۆن.

3-لەم یاسایەی ئەنجومەنی وەزیران بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکراوە کەواحکومەت دەبێتە کاربەرێکەر لەکاتی لادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان وازهێنانی،ئەگەر سەیر بکەین لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەریم ژمارە(3)ی سالی(1992)ی هەمواکراو لە مادە(11)برگە(2)دەڵێت لەم حالەتە سەرۆک وئەنجومەنی وەزیران لەسەر کارو کردەوە رەسیمەکانیان بەردەوام دەبن تا دروستکردنی کابینەیەکی تر،بەدیدی ئیمە ئەم دەقە دەبوو بلێ لەم حالەتانە حکومەت دەبێتە حکومەتی کاربەرێکەر نەک بلێ ئەرکی رسمی،چونکە وا وێنا دەکرێت کە ئەم حکومەتەی کە سەرۆکەکەی دەستیلەکارکێشاتەوەتە یان لادراوە هەمان دەسەلاتی پێشوتری دەبێت لەکاتێکدا حکومەتی کاربەرێکەردەسەلاتەکانی تەنیا بەرێکردنی کاروباری رۆژانەیە وسنوردارە.

ئینجا جگە لەوەش باسی حالەتەکانی مردن یان عجز بوون یان کۆتای هاتنی ماوەی پارلەمان یان هەلوەشاندنەوەی پارلەمانی نەکردوە کە ببێتە هۆی ئەوەی حکومەت بە هەڵوەشاوەیی دانریت وببێتە کاربەرێکەرئەوەش یەکێکە لە کەموکورتیەکانی یاساکە تەنانەت لەهیچ یاسایەکی تریش دەقێک نیە ئەم کەلێنەی پربکرێتەوە.

جیگەی باسە دەقی ماددە(75) لەپەیرەوەی ناخۆی پارلەمان سالی(2018)کەوا حکومەت بە حکومەتی کاربەرێکەر دادەنرێت کاتیک متمانەی لێ دەکێشرێتەوە،بەلام ئەم پەیرەوەش باسی حالەتەکانی تری نەکردوە بەهەمان شیوەی یاساکە.

4-لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1)ی سالی(2005)ی هەمواکراودا هاتوە،کوردستان سەرۆکێکی دەبێت ناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراقە کە بالاترین دەزگای جێبەجێکاریە لەهەرێمدا،وە لەهەمان کاتیشدا لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە(3)ی سالی(1992)دا هاتووە لەمادەی(2):کە ئەنجومەنی وەزیران بالاترین دەزگای جێبەجێکاریە لەهەرێمدا کە

لەســـەرۆک وجیگرەکەی و وەزیرەکـان پێکـدیـت،ئەمە گەورەترین دژەبەریە لەنێوان ئەو دوویاسایەدا،چونکە دانی بە بالاترین دەسەلاتی جێبەجێکاری ناوە بۆ هەردوو دەسەلاتکە لەیەک کاتدا،بەدیدی ئێمە ئەو دوو دەقە یاسایە لەشوینی خۆیان نین،بەتایبەتی لەسیستمی پارلەمانیدا جیگای کەم دەبێتەوە و شـــتی لەم چەشـــنە بونی کەمە یان هەرنیە،چونکە ســـەرۆکی وولات دەســـەلاتی تشـــریفیە وســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەســـەلاتی راپەراندن کردەیی لایە وراســـتەخۆ بەرپرســـی دەســـەلاتی جێبەجێکاریە.جا بۆیە بەرای ئیمە دەبوو دەقی یاســـای ســـەرۆکایەتی هەرێم بلێت ســـەرۆکی هەرێم پارێزەری دام ودەزگا یاســـای ودەســـتوریەکانی وولاتە و پارێزگاری لەبەرژوەندی گشـــتی و بالای وولات دەکات،هەروەک چۆن لەمادە(66)ی دەستوری عێراقی هەمیشەی سالی(2005)دا هاتووە،بەلام بۆ سەرۆک وەزیران واپێویست بوو بلێ ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرســی راســتەخۆی جێبەجێکردنی ســیاســەتی گشــتیە لە هەرێمدا،وەک لەمادە(78)ی دەســتوری عێراقیداهاتووە کە دەلێت:ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسی راستەخۆیە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەولەت وسەرۆکی هێزی چەکدارەکانە لەعیراقدا.

## 4 – دادگایەکی دەستوری لەهەریم وریکخستني دةستةلاتةكاني

جێگەی ئاماژەیە،لەپرۆژە دەســتوری هەرێم ســالی(2009)باســی دروســت بوونی ئەم دادگایە کراوە،چەنـدین دەق هەیە لەبـارەی پێکهـاتە ودەســـــەلاتەکـانی،بۆیە ئێمە هەول دەدەین بـاس لەماددەکانی پرۆژە دەستوری هەرێم بکەین لەگەل سەرنج و تێبینی خۆمان لەسەرئەو ماددانەی کەوا کوموکورتییان تێدایە ســـەبارەت بە دادگای دەســـتوری هەرێم لە ســـالی(2009).بەم شێوەیەی خوارەوە:

1– لە مادەی(91)لەپرۆژە دەســـتوری هەرێمی کوردســـتان (هاتووە):بەیاســـایەک دادگای دەستوری کوردستانی عێراق دادەمەزرێت.

سەرنجی یەکەم لەسەر ئەم دەقە ئەوەیە کە دەڵێت بەیاسایەک دادگای دەستوری دادەمەزرێت،لەراستیدا ئەم شێوازە لەهیچ دەستورێک نیە بۆ پێکهێنانی دادگا،بەلکو دادگای دەستوری دەبێت بە دەستور دامەزرێت واتە دەبێت یاسادانەری دەستوری ئەو دامەزاروە دادوەریە بالایە دروست بکات وهێڵە گشتیەکان وپەیکەربەندی ودەسەلاتەکانی بەدەقی دەستور دارێژێت نەک هەوالەی بکات بۆ یاسادانەری ئاسایی(پارلەمان)،چونکە پارلەمان هەرکات بیەوێت پەیکەربەندی دەگورێت ودەسەلاتەکانی هەمواردەکاتەوە بە ویست و ئارەزووی هەندیک پارتە سیاسیەکان.هەرچەندە دەقی مادەکانی(92 -93-94-95) لە(پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان) باسی پکیهاتەو دروست بونی (دادگای دەستوری) و دەسەلاتەکانی کردوە بەلام زۆر رووکەشی بۆیە دەقی مادە(91)هیز دەداتە پارلەمان بە حەزی خۆی دەسکاری پیکهاتەو دەسەلاتی ئەم دادگایە بکات کە ئەمەش لە وولاتاندا نامۆیە.جگە لەم سەرنجە تێبینیەکی ترمان ئەوەیە کە دەبووایە بەدەقی دەستوری باس لەوە بکات کە دادگای دەستوری دادگایەکی سەربەخۆیە لەرووی دارایی وکارگێریەوە،چونکە داگای دەستوری بالاترین دادگایە لەوولاتدا،بۆیە دەبێت سەربەخۆبێت لەرووی دارایی وکارگێریەوە ونابێت ملکەچی دەسەلاتی جێبەجێکاری ویاسادانان بێت،واتە جگە لەملکەچ بوون بۆ رۆحی دەستوری وبنەما دەستوریەکان ناکرێت ملکەچی هیچ دەسەلاتیک بێت لەرووی دارایی وکارگێریەوە.وەک چۆن ماددە(92)برگە(1)ی دستوری عێراق دەڵێت:دادگای بالای فیدرالی دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لەرووی دارایی وکارگێری.

لەپال ئەم سەرنجانەی سەرەوە سەرنجێکی ترمان لەسەر ئەم ماددەیە (ئەوەیە،ئەگەر هەر هەوالەشی کردوە بۆ یاسای ئاسایی،دەبوایە بلێت بە یاسایەکی(3\2)دادگای دەستوری دادەمەزرێت ومیکانزمی پالاوتن ومەرجەکانی پالێوراو شێوازی کارکردن وهتد.. رێکدەخرێت،وەک چۆن لەمادە(92)برگە(2)دەستوری هەمێشەیی عێراقدا هاتووە،ئەم زۆرینەیە

سـروشـتێکی دەسـتوری بەدەقە یاسـاییە ئاسـاییەکە دەدات،چونکە کۆکردنەوەی تاڕادەیەک سەختە،کاتیک ئەم زۆرینەیە کۆبویەوە واتە جۆرێک لە سازانی گشتی روویداوە لەسەری.

2- لەمـادە(95)بـرگە(2)هـاتـووە:دادگـای دەسـتـوری هەرێـم بـۆی هەیە چـاودێـری بەسەردەستوریبونی یاساکانی هەرێم لەسەر داوای سەرۆکی هەریم،یان ئەنجومەنی نوینەران یان(10)ئەندامی پارلەمان ئەنجام بدات.

ئیمە پێمان وایە ئەم دەقە تەنیا مافی بەسـێ لایەن داوە مافی بەرزکردنەوەی داوای هەبێت دژی یاسـایەک بۆ بریاردان لەسـەر دەسـتوریبونی،بەلام بەتێڕوانینی ئێمە دەبوایە سـەرۆکی پارلەمانیش هەقی هەبێت داواکە بکات،چونکە سـەرۆکی پارلەمانیش دەکرێت گازاندەی هەبیت لەیاسـایەک کە دەرچووە بە زۆرینە بەلام خۆی هاوڕا نەبوبێت،جگە لەوەش دەبوایە مافی هەرتاکێکی ئاسـایی خاوەن بەرژەوەندی هەبووایە بتوانێت راسـتەخۆ داوا بەرزبکاتەوە(الدفع المباشـر)لەبەردەم دادگای دەسـتوری دژی یاسـایەک کە هەسـتی کرد نادەسـتوریە.هەرچەندە لەماددە(92)برگە(3)باس لەوە دەکات کە(دفع غیر المباشـر)بکرێت،واتە دادگای دەسـتوری تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کە تانەیەک یەکلایی بکاتەوە کە پێشـکەش کراوە لەبەردەم دادگایەک دژی یاسـایەک یان پێرەوێک یان رێنمایەک یان بریارێک.بەلام دەبوایە هاولاتی بە داوای ڕستەوخۆ)(الدفع المباشر)مافی هەبوایە داوا بەرزبکاتەوە بەنادەستور بوونی یاسا،کە ئەمە زیاتر مافی هاولاتی تێدا بەرجەستە دەبێت.

3- لەماددە(95)برگە(3)هاتووە:دادگا دەسەلاتی ئەوەی هەیە بریار لەسەر ڕەوایەتی مەرسوم وپێرەو بریار و رێنمایەکان بدات لەسەر داوای هەرکەسێکی خاوەن بەرژەوەندی راستەخۆ.

سـەرنجی ئیمە ئەوەیە لەسـەر ئەم ماددەیە دەبوایە دەقەکە بلێت دادگای دەسـتوری دەتوانیت بریار لەسـەر دەسـتوریبونی مەرسـوم وپیرەوەکان بدات،واتە چاودێری کردن لەسـەر پێرە و مەرسـوم ئاسـایە بەلام چاودیریەکە دەبێت چاودیری دەسـتوری بێت،بەلام بۆ بریاردان لەسـەر

ڕەوایەتی چ پێڕەو بێت چ مەرسـوم بێت لەدەسـەلاتی دادگای کارگێری بێت، بەلام سـەبارەت بە(بڕیارەکان) ئەوا دادگای دەستوری مافی نیە چاودێری نادەستوریبوون وناڕەوایەتی بوونیان بکات وەک لە میسـروعیراق،چونکە ئەوە بە ڕەهایی لەدەسـەلاتی دادگای کارگێریە لەزۆربەی وولاتاندا لەبەر ئەوە بریای ئیداری کاریکی تەواو کارگێریە نەوەک سروشت دەستوری.

4- لەدەقی مادده(95)برگە(3)دەسـەلاتی یەکلایی کردنەوەی تانەی داوەتە دادگای دەسـتوری هەریم  کەپیشـکەش دەکرێت بەنادەسـتوریبونی بریارێک یان ڕێنمایەک یان پێرەوێک کە لەلایەن کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی لەبەردەم دادگایەک لەدادگاکان بەرزی کردۆتەوە پێشتر.

بەدیدی ئێمە جارێکی تر ئەو تانەی کە پیشـکەش دەکرێت دەبێت لەبەردەم دادگای کارگێری پیشـکەش بکریت دژی بریاری کارگێری نەوەک دادگای دەسـتوری،ڕەنگە دژی ڕێنمای وپەیرەو ئاسـایی بیت بەلام ئەویش دەبیت تانەکە دژی(دەقییک یان چەند دەقیکی ناو یاسـایەک بیت)نەوەک دژی کۆی یاسـاکەبێت.وە تانەکە بۆ چاودێری دەسـتوریبوون بێت نەوەک بۆ چاودێری نارەوایەتی کردن(رقابە عدم المشـروعیە)،چونکە تانەی عدم مشـروعیە لە پسـپۆری دادگای کارگێریە نەوەک دەستوری.

جگە لەوەش لەم دەقەدا نابێت تەنیا ماف بدرێت بە خاوەن بەرژەوەندی یان لایەنەکانی کێشـەکە ئەو تانەیە بکەن لەبەردەم دادگای دەسـتوری بەلکو خودی ئەو دادگایەش کە داواکەی لەبەردەم پیشـکەش کردەوە بتوانیت(تصـدی بکات)وبۆی هەبێت ئەو دەقە یاسـایە یان دەقە پەیرەوە یان دەقە ڕێنمایەی کە گومانی لێ هەیە نادەسـتوری بێت هەوالەی دادگای دەسـتوری بکات بۆ بریاردان لەسەردەستوریبون ونادەستوریبونی دەقەکە.

4- لەدەقی مادده(95)برگە(5)هاتووە:دادگای دەستوری بۆی هەیە چاودێری دەستوریی بونی ئەو هەموارانە بکات کەلەناودەستوری هەرێم ئەنجامدەدرێت.

ئەم دەقە دەقیکی باشـــە لەگەل ئاراســـتەی نوێی فیقهو قەزای دەســـتوری دەگونجێت،چونکە بەرزی وشـــكۆی دەســـتورتەنیا لە ســـەخت كردنی شـــێوازی هەمواركردنی دەســـتوردانیە بە تەنیا،بەلكو گرنگتر لەوە ئەوەیە كە لایەنێک هەبێت پارێزگاری لەو شكۆمەندیە بكات كە هەمیشە ئەو لایەنە دادگـای دەســـتوریە كە ئەو رۆڵە دەگێرێت،جـا كـاتێک ئەوتـایبەتمەنـدیە بەدەقی دەسـتوردەدرێتە دادگای دەسـتوری ئەوا ئەم بەرزی وشـكۆمەندیە دێتەدی.شـیاوی باسـە ئەم چاودێری كردنە بەدەقی دەسـتوری لە دەسـتوری عێراقدا بوونی نیە وهەتا ئێسـتاش بیروڕای جیاوزی لەســـەرە ئاخۆ دادگای بالای فیدرالی دەســـەلاتی چاودێریكردنی بەســـەرهەمواری دەستورداهەبێت یان نا،هەربۆیە بونی دەقی لەم چەشنە لەناو دەستوری هەرێمدا مانای بەرزی وبـالایی دەقەكـانی دەســـتوردەگەیەنێت واتە دادگـا دەســـەلاتی ئەوەی هەیە هەرهەموارێک رەتبكاتەوە كەلەروی ڕواڵەتی وبابەتی پێچەوانەی دەستورەكە خۆی بێت،یان دژی بەرژەوەندیە بالاكانی وولات بێت هەرچەندە بەربەرستی ڕواڵەتیش ڕێگەی لە هەموارەكە نەگرتبێت.

بەلام دەبێت بیرمان نەچێت،دەستوری هەرێم نابێت دژی دەقەكانی دەستوری عیراقی فیدرالی بێت،گریمان ئەگەر دەســـتوری هەرێم دانرا یان هەمواركرایەوە ودەقێک زیاد یان كەم كرا پێچەوانەی دەقێكی دەســـتوری عێراق بێت،ئەوا ڕاســـتەوخۆ دەقەكەی دەســـتوری هەرێم هەلدەوەشـــێتەوە بەمەرجێک دادگای فیدرالی عیراق بریاری لێبدات بەورێككارانەی بۆی دانراوە بۆ چاویریكردن لەســـەردەســـتوریبوونی دەســـتوری هەریمەكان،بۆیە لەم حالەتەدا دەســـەلاتی دادگای دەستوری هەریم نیە بانگەشەی ئەوە بكات كە دەقەكەی دەستوری هەریم دەستوریە و وەک خۆی كـاری پێبكری،بۆیە ئێمە پێشـــنیـاردەكەین،دادگـای دەســـتوری هەریم چـاودێری ئەوهەموارانە بكات كە لەلایەن دەســـەلاتی تایبەتمەندی هەرێمی كوردســـتانەوە ئەنجامدەدریت بەمەرجێک بریاری دادگای دەســـتوری هەرێم بۆ دەســـتوییوونەكە پێشـــوەختە بچێتە دادگای فیدرالی و داوای ئەوەی لێبكات دەســـتوری بوونی ئەو هەموارە لەگەل دەســـتوری عیراق

بســەلمێنرێتت ورای دادگای بالای فیدرالی لەســەر وەربگیرێت لەماوەیەکی دیاریکراودا.ئەمەش بۆیە چونکە دەستوری هەریم نابێت پێچەوانەی دەستوری عیراقی هەمیشەی(2005)بێت.

5- لەمادە(97)ی پرۆژە دەســـــتوری هەرێم هاتووە:حوکمەکانی دادگای دەســـــتوری بنبڕن وناتوانرێت تانەیان لێبدرێت.

راســـتە حوکمەکانی دادگا دەســـــتوریەکان ناتوانرێت تانەیان لێبدرێت وحوجیەی رەهایان هەیە،بەلام بۆ دەســتوری هەرێمەکان ئەمە لەشــوێنی خۆیدا نیە.بۆچی؟چونکە دەســتوری هەرێم نابێت پێچەوانەی دەستوری عیراق بێت،وە دادگای بالآی فیدڕالّی عیراق چاودێری دەستورییبونی یاساکانی ناوەند یاساو ودەستوری هەرێمەکانیش دەکات ئاخۆ تاچەند کۆکن لەگەل دەستوری دەســەلاتی ناوەند یان فیدرالی،کەواتە ئەگەر دەقیکی یاســایی لەلایەن دادگای دەســتوری هەرێم چاودێری کراو دادگای دەستوری هەریم بریاری بە دەستورییوونی یاساکەیدا،مەرج نیە بریاری دەســـتورییونەکەی دادگای دەســـــتوری هەرێم کۆک بێت لەگەل دەســـــتورییونی دەســـــتوری فیـدالی،کەواتە لەوانەیە دادگـای فیـدرالی بڕوای بەم دەســـــتوییونە نەیەت وبلێـت پێچەوانەی دەستوری فیدراله،کەواتە حوکمەکانی دادگای دەستوری هەرێمیش شیاوی ئەوەن نادەستوری بن،هەربۆیە ناراســـــتەخۆ دەتوانین بلێین بریارەکانی دادگای دەســـــتوری هەرێم شـــــیاوی هەلوەشـــاندنەوەن ئەگەرچی بەدەقی دەســـتوریش بلێت بریاری دادگا بات وبنبرن،جا لەبەرئەوە ئێمە لێرە پێشنیار دەکەین دەقەکە بلێت بریارەکانی دادگای دەستوری هەرێم بنبڕن تا ئەوکاتەی دادگای بالای فیدرالی عیراق بریاری کۆتای لێدەدات لەماوەی(3) مانگدا وەک لەدەســـــتوری هەریمی( بافاریادا)ی ئەلمانیا ســـــالی(1946) لەمادەی(48برگە 1وبرگە3)دا هـاتوو،هەربۆیە پێشـــنیاردەکەین بریار وحوکمەکانی داگای دەســـــتوری هەرێم(درجه الثانی من التقاضـــی)بیت ولەماوەی(3)مانگدا بتوانریت تانەیان لێبدریت بەتایبەتی لەو بابەت ویاسایانەی کە پەیوەستن بە پرسی سەروەری وپرسە فیدرالیەکان.

6- یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی تری دادگای دەســـتوری کە لەپرۆژەکەدا هاتوو:دادگای دەســتوری بۆی هەیە ســەرۆکی هەرێم وجێگرەکەی دادگایی بکات دوای تۆمەتباکردنی لەلایەن پارلەمانی کوردستان.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە لێرەدا دەبوایە جگە لەوانەی سەرەوە،دادگای دەستوری هەریم بۆی هەبێت ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وســـەرۆکی دەســـتە ســـەربەخۆکان وســـەرۆکی دەزگا دادوەریەکانی هەرێم تەنانەت ســـەرۆک وئەندامانی دادگای دەســـتوری وەســـەرۆکی دەزگا هەوالگری وئەنجومەنی ئاسـايشـی دادگای بکات لەو تاوانانەی کە کەپێشـێلی دەسـتور وبنەما بالاکانی دەستوری هەرێمە،واتە ئەو تاوانانەی کە دژی بەدیهێنانی بەرژەوەندیە بالاکانی هەرێمە لەرووی دەستوریەوە.

7- ئەم پرۆژە دەســتوریەدا کاریگەری حوکم و بریارەکانی دادگای دەســتوری دیارینەکراوە بەدەقی دەســـتوری،ئایا ئەو بریار وحوکمەی دادگا لەرۆژی دەرچونیەوە کاریگەری دروســـت دەکات یان دادگا دەتوانێت رۆژی کاریگەریەکە بگۆرێت بە کاریگەری گەراوە،ئەمە لەدەســتوری عیراق ویاســـای دادگای بالای فیدرالی بەدەق دیارینەکراوە وباســـی لێوەنەکراوە،بەلام دادگای بالای فیدرالی لەپەیرەوی ناوەخۆی خۆی ســـالی(2022) لەمادده(37،38)ئەم دەســـەلاتی بەخۆیداوە کە تائیســـتاش مشـــتومرێکی زۆری ناوەتەوە لەناو یاســـاناســـانی عێراقی،بەلام پەیرەوەکە لەمادده(37)دا جیاوازی کردوە لەنیوان دوو حالەت،حالەتی یەکەم ئەگەر بریاری دادگا دەقیکی هەلوەشـاندەوە بەنادەسـتوریبون کە ناکەوێتە ناو بواری دەقە سـزاییەکان ئەوا کاریگەری حوکمەکە دەستبەجێ دەبێت مەگەر بریاری دادگە خۆی رۆژێکی تردەستنیشان بکات بەکاریگەری گەراوە.حالەتی دووەم ئەگەر حوکمەکە پەیوەندی هەبوو بەدەقە سزاییەکان ئەوا بە کاریگەری گەراوە جێبەجێ دەکرێت واتە دەقی یاسای هەلوەشاوە لەرۆژی بەرکاربوونی بوونی هەلدەوەشێتەوە وحوکمەی دادگای بەسەردا جیبەجی دەبێت کە نادستوریە بەکاریگەری گەراوە

ودادگا بۆی نیه به کاریگەری ڕاســــتەوخۆ یان خێرا حومکمەکە بدات. بەلام له مادده(38)دا له حوکم و بریاره راڤەییەکانیش(القرارات التفســــيريه)دا پەیرەوەی ناخۆی دادگا دەلیت بریاری دادگا لەرۆژی بەرکاربوونی بوونی ئەودەقەی که راڤەکراوه دەچیته واری جێبەجێ بون مەگەر بریاری دادگه خۆی رۆژیکی تر دیارییکات.

جا بۆیه ئیمه لێرەدا پێشنیاردەکەین دەســتوری هەریمیش ئەم دەقانەی ســەرەوەی پەیرەوی ناخۆی دادگای دەستوری بکاته ماددەی دەستوری لەدەستوری هەرێمدا یان لەیاسای دادگای دەستوریدا بینوسێتەوه لەداهاتوودا.

9-یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی دەبوایه دادگای دەســتوری هەرێم هەیبوایه کەپێی نەدراوه بەگوێرەی پرۆژەکه بریتیه لەجێبەجێ کردنی(بنەمای پەشــیمان بوونەوه)لەبریارێک که پیشــتر داویەتی(مبدأ العدول عن احكامها الســابقه)بەگوێرەی گونجان لەگەل شــوین وکات و پێویســتی بەدیهێنانی بەرژەوەندی دەستوری،بەمەرجێک ئەم پەشیمان بوونەوه زیان نەگەیەنیت به بنەمای مافه بەدەستهاتووەکان سەقامگیری پێگه یاساییەکانی تاکەکان(مبدا الاستقرار المراكز القانونيه والحقوق المكتســبه)وه بیرۆکەی پێشــبینی ڕەوا(فكره التوقع المشــروع)یان بنەمای ئاســایشــی یاسایی و دادوەری(مبدأ الامن القضائي والقانوني).

## 5- دەرئەنجام

لەدەرەئەنجامی ئەم توێژنەوەیەدا،گەیشــتین بەچەند ئەنجام و راســپاردەیەک،که لەمانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوه:

### یەکەم:ئەنجامەکان

1-لەبەرئەوەی هەرێم دەستوری نەبووه،واته دادگای دەستوریشی نەبووه تاکوئێستا،هەربۆیه ئەمه وای کردوه که چاودێری دەســتوری لەســەر یاســاکان لەهەرێمی کوردســتاندا بوونی نەبێت،کەئەوەش بۆته مایەی ئەوەی که پەرلەمان بەئارەزوی زۆرینەی سیاسی و ویستی حزبه

سیاسیە باڵادەستەکان پرسە سروشت دەستوریەکان لەرێگەی دانان وهەمواری یاساکان بەزۆرینە تێپەڕێنێت کەئەوەش پێچەوانەی بنەماکانی یاسای دەستوریە لەزۆربەی وولاتاندا،ئەگەرسەیربکەین دەیان هەموار لەیاساکاندا کراون کەبۆتە هۆی ناجێگیری لە سیستەمی حوکمرانی هەرێم ئەمەش بەهۆی ئاسانی رێککاری هەموارکردنی یاساکان بەلام ئەگەر بەدەستور بووایە قورستر دەبوون وئەم ناجێگیریە دروست نەدەبوو.

3-لەگەل ئەوەی سیستەمی حوکمرانی دەبێت پارلەمانی بێت لەهەرێمدا،چونکە ئەو سیستەمە زیاتر لەگەل سروشتی کۆمەلگەی هەرێمی کوردستان دەگونجێت،وەهەروەها لەگەل ماددەی(1)ی دەستوری عیراقی هەمیشەی(2005)کۆک دەبێت،کەچی کە سەیری ماددەکانی یاساکانی تایبەت بەرێکخستنی ەکان دەکەین سیستەم لەزۆربابەت سنوری سیستەمی پارلەمانی بەزاندووە بەرەو سەرۆکایەتی رۆشتوە بەتایبەتی لەدەقەکانی ناو یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(1)ی سالی(2005)ی هەموارکراودا بەئاشکرا دیارە.

4-دةسـتةلاتةكاني كانی پارلەمان بەبەرادورد بەەکانی دامەزاروەی جێبەجێکردن لاوازە بەتایبەتی لەبابەتی چاودێریکردنی ی راپەراندندا بۆنمونە بۆلادانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکی دەستە سەربەخۆکان دەبیت2\3وە لابردنی سەرۆکی هەرێم دەبێت3\4،جگە لەوەش ەکانی سەرۆکی هەرێم بەبەراورد بە ی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زۆرترن کە ئەمەش لەگەل سیستەمی پارلەمانی یەکناگرێتەوە چونکە بەرپرسیارەتی لەکوێ بێت یش لەوێ یە،لێرەدا ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسی سیاسی وسەرەکیە لەبەردەم پارلەمانی کوردستاندا کەچی ی سەرۆکی هەرێم کردەیی ترن کە دەبوایە تەشریفی(سیمبولی)بن.

4-لاسەنگیەکی زۆرهەیە لەنیوان ەکاندا،تەنانەت لەناو خودی ی جێبەجێکردنیش لەنێوان سەرۆکی هەریم وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو ناهاوسەنگیە بەدی دەکرێت بەئاشکرا دیارە،بۆنمونە ی هەلوشاندنەوەی پارلەمان،جاردانی باری نائاسایی،دەرکردنی مەرسومی هێزی

یاســـــایی،ســــەرۆکایەتی کردنی هێزە چەکدارەکان،جولاندنی هێزە چەکدارەکان،دامەزراندنی پلەتایبەتیەکان ودانان وسەرپەرشتی کردنی دەزگاکانی ئاسایش وهەوالگری،کەئەمانە دەبووایە لەدەستی ئەنجومەنی وەزیران بن،چونکە ئەوانە ی گرنگ و کردەیی راپەراندنن.

6-لەگەل ئەوەی ی دادوەری بوونی هەیە ویاســــای خۆی هەیە وجیاکراوتەوە لەەکانی تر بەیاســـا،بەلام یەکێک لەهەرە پایە گرنگەکانی بوونی نیە کە بریتیە لەدادگای دەســـتوری،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی دەســـــتورلەهەرێمی کوردســــــتاندا،هەر بۆیە یەکێک لەهەرە کەلێنە گەورەکانی دامەزراوەی دادوەری لەهەرێمی کوردستان بریتیە لەنەبوونی دادگایەکی دەستوری بۆ چاودیرکردنی دەســـــتوریبوونی یاســــاکان ویەکلایی کردنەوەی ناکۆکیە ســــروشـــــت دەســـتوریەکان،جا لەغیابی ئەم دادگایە چەندین هەمواری یاســـا ئەنجامدراوە کە نادەســـتورین ئەگەر دەســـتورهەبوایە وچاودێری دەســـتوریبونیان بکرایە،وەهەروها چەندین یاســـا دەرچووە دژی یەکترن لەکاتێکدا لەیەک ئاستدان بەلام هیچ لایەنێک نیە ئەم دژیەکیە یەکلایی بکاتەوە.

**دووەم:راسپاردە وپێشنیارەکان**

1- پێویســتە لەســەر یاســادانەری ئاســایی لەهەرێمی کوردســتان ئەومادادنە هەموار بکاتەوە کەبۆتە مایەی دروست بوونی ناهاوسەنگی لەنیوان ەکاندا چ لەناو یاسای سەرۆکایەتی هەریم چ یاســــای ئەنجومەنی وەزیران چ یاســــای هەلبژاردن چ پەیرەوی ناوخۆی پارلەمان،بەتایبەتی ەکانی سەرۆکی هەرێم،بەجۆرێک بێگونجێنیت لەگەل پێوەرەکانی سیستەمی پارلەمانی تەواوەتی وەهەروەها دەستوری عیراقی هەمیشەی(2005)کە تەبەنی سیستەمی پارلەمانی کردوە لەدەقی ماددە(1)ی دەستورەکە،چونکە سیستەمی پارلەمانی گونجاوترین سیستەمە بۆ واقیعی هەرێمی کوردستان لەئێستادا(وە زیاتر گەرەنتی پایەکانی دیموکراسی و نوێنەرایەتی گەل دەکات).

2-پێشـنار دەکەین ی ســەرۆکایەتی هیزی چەکدار وجولاندنی ودەرکردنی مەرســومی هێزی یاســـایی وجارِدانی باری نائاســـایی ودامەزراندنی پلەتایبەتیەکان وپالاوتنی ســـەرۆکی دەســـتە

سـەربەخۆكان وسـەرۆكی دەسـتە دادوەریە بالاكانی هەرێم ودانان وسـەرپەرشـتی كردنی ئەنجومەنی ئاسـایشـی هەریم ودەزگا هەوالگریەكان لەدەسـتی ئەنجومەنی وەزیران بێت نەک سـەرۆكی هەرێم،چونكە سـەرۆكی هەرێم دەبێت ی تەشـریفی و سـیمبولی بن نەک كردەیی.وە لەبەرامبەریشـدا پێشـنیاردەكەین سـەرۆكی هەرێم بەرپرسـیارەتی سـیاسـی نەبێت لەبەردەم پارلەماندا وتەنیا بەرپرسـیارەتی تاوانكاری هەبێت لەبەردەم دادگای دەسـتوری یان لانی كەم لەبەردەم دادگای(پێداچونەوەی)هەرێم بە سـیفەتی دادگای دەسـتوری تاكو دادگای دەسـتوری دروست دەبیت لەداهاتوودا.

3-زیادكردنی ی پارلەمان بەتایبەتی لەرووی چاودێریكردن لەسـەری جێبەجێكاری ودەسـتە سـەربەخۆكان وئەنجومەنی ئاسـایش ودەزگا هەوالگریەكان،بەجۆرێک بتوانێت ئاسـان و بێ گرتنەبەری رێككاری ئالۆز بانگێشتیان بكات ولێپرسینەوەیان لێبكات ومتمانەشیان لێبكێشێتەوە بەزۆرینەی رەها نەک بە(3\2) كە یاساكان دیاریان كردون بۆ متمانەكیشانەوە.

4-پێشـناردەكەین تاكو پەسـەندكردنی دەسـتوریک بۆهەرێم ودروسـت بوونی دادگایەكی دەسـتوری بۆ هەرێم،یاسـایەک دانرێت لەپارلەمانی كوردسـتان بەزۆرینەی(3\2)دواتر بخرێتە راپرسـیەوە،تێدا بابەتی رێكخسـتنی دگشـیتەكان وتایبەتەكاریەكانیان لەخۆبگرێت،وە یاسـاكەش رێككـاری هەمواركردنی قورس بكرێـت وەک دەسـتور،ئینجـا دادگـایەک دامەزرێـت هەمـان تایبەتكاری دادگای دەسـتوری هەبێت لەسـەر بنەمای ئەو یاسـایە.یاسـاكەش ناوی یاسـای رێكخسـتنی ە گشـتیەكانی هەرێم بێت تاكو وەک یاسـایەكی نیمچە دەسـتوری بێت بۆئەوەی رێكخستنی ەكان لەسەر بنەمای ئەو یاسایە بكرێت وهەریاسایەكیش دەركرێت دژی ئەو یاسایە هەلوەشـێتەوە لەلایەن دەسـتەیەكی دادوەری كە رۆلی چاودیریكردنی لەسـەر یاسـاكان بگرێتە دەست ئەمەش وەک چارەسەرێكی كاتی تاكو دەستور دادەنرێت ودادگای دەستورییش دروست دەكرێت.

## 6- لیستی سەرچاوەکان


-دەستوری فەرنسی سالی(1958)ی هەمواکراو

دەستوری بافاریا سالی( 1946)

-دەستوری عیراقی هەمیشەی سالی(2005)

-یاسای جێگرانی سەرۆکی کۆماری عیراق ژمارە(1)ی سالی(2011)

-یاسای سەرۆکایەتی هەریم ژمارە(1)ی سالی(2005)وهەموارەکانی

-یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق ژمارە(1)ی سالی(1992)

-یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(3)ی سالی(1992)

-پەیرەوی ناوخۆی پارلەمانی کوردستان سالی(2018)ی دەرچوو بەبریاری ژمارە(10)ی سالی(2018)لەگەل هەمواکردنی بەبریاری ژمارە(12)ی سالی(2019)

-یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە(23)ی سالی(2007)

-یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ژمارە(4)ی سالی(2011)

-یاسای ژمارە(7)ی سالی(2014)ی دەستەی دەستپاکی

-یاسای ژمارە(2)ی سالی(2008)ی دیوانی چاودێری دارایی

-یاسای کۆمسیۆنی سەبەخۆی هەلبژاردنەکانی هەریمی کوردستان ژمارە(4)سالی(2014)

یاسای دەسەلاتی دادوەری ژمارە(14)ی سالی(1992)

-یاسای ئەنجومەنی شورای هەریم ژمارە(14)ی سالی(2008)

-پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان سالی(2009)

# التنظيم القانوني للسلطات العامة في إقليم كردستان في غياب الدستور


## الملخص

يتناول هذا البحث قضية تنظيم السلطات العامة في الإقليم والمشاكل التي رافقتها. نظراً لعدم وجود دستور خاص بالإقليم، فقد تم تنظيم السلطات الثلاث فيه بموجب القوانين العادية منذ عام 1992، بدءاً من تشكيل السلطات العامة وصولاً إلى تحديد نظام الحكم وفصل السلطات، وذلك وفقاً لقوانين معينة، أهمها قانون رئاسة الإقليم وقانون الانتخابات وقانون مجلس الوزراء واللوائح الداخلية للبرلمان. وهذا يتعارض مع مبدأ اختصاص السلطة التشريعية الدستورية بتنظيم السلطات العامة. كما يتناول البحث غياب المحكمة الدستورية نتيجة لعدم وجود دستور. بالإضافة إلى ذلك، يناقش البحث بعض المشاكل التي نجمت عن الأحكام القانونية المتعلقة بتشكيل السلطات العامة، والتي أدت إلى إضعاف هوية الإقليم في تطبيق نظام الحكم. يصعب تصنيف نظام الحكم في الإقليم على أنه نظام برلماني، مع أن الدستور العراقي (2005) يوجب على الإقليم تبني هذا النظام، إذ لا يجوز أن يخالف نظام الحكم في الإقليم أحكام الدستور العراقي، كما ورد في المادة الأولى منه. ويناقش البحث أيضاً المخالفات التي ارتكبها المشرع العادي عند تنظيم توزيع السلطات بين السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية، لا سيما بين رئاسة الإقليم ومجلس الوزراء.


الكلمات المفتاحية: الدستور، السلطة، اللوائح الداخلية، القانون العادي